# بازرگانی و پیشەسازی

http://www.sulcci.com

رۆژنامەیەکی ئابورییە ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی بڵاویدەکاتەوە | ژمارە 25

2023-7-17




ڕیکلام






بوژانەوەی بازاڕی سلێمانی پێویستی بەپلانە 4 »

4000 حەوزی ماسی هەیە لەکوردستان 10 »



هەنگ، مێرووە زێڕینەکە 12 »

ڕێگای گەشە: خەونێ خۆشە 13 »




## داواکارین دوو ناوچەی پیشەسازی لەسنوری پارێزگای سلێمانی بکرێتەوە

3 »

## کاتیەتی بیر لەهەناردەکردن بکەینەوە

14 »

# ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی چەپکەگوڵی ڕێزو وەفا لەسەر مەزاری مام جەلال دادەنێت



**سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو جێگرانی سەرۆکو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور، سەردانی مەزاری سەرۆک مام جەلالیان کردو چەپکە گوڵی و ڕێز و وەفیان لەسەر دانا.**

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ڕایگەیاند "سەرۆک مام جەلال لەساڵانی ڕابردوودا خەباتێکی گەورەو مێژوویی لەپێناوی گەلی کوردو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ لەعێراق کردوەو هاوکات بە بەردەوامی پشتیوانی بازرگانانو پیشەسازانو بازاڕی ئازادو پێشخستنی پرۆسەی ئابوری بووەو لەکاتی پێویستدا کێشەو گرفتەکانی بۆ چارەسەر کردون، هەر کاتێک پێویست بووبێت جەنابی سەرۆک مام جەلال ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکانی هەریمی کوردستانو عێراق لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە".

ڕاشیگەیاند "سەرۆک مام جەلال ڕۆڵی گرنگی هەبووە لەکردنەوەی پێشانگا نێودەوڵەتیەکانو هاندانی بازرگانان بۆ گەشتکردن بۆ دەرەوەی کوردستانو بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابورییە بازرگانیەکانو بەردەوامیش پشتیوانی کەرتی پیشەسازیو بەرهەمی ناوخۆ بووە، بۆیە ئێمە وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ئەمڕۆ هاتوین ڕێزو وەفای خۆمان بۆ ئەم سەرکردە مەزنە دووپات دەکەینەوە".

# سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی سەردانی ژوور دەکات

**د.محەمەد سابیر، سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی بەمەبەستی پێدانی سوپاسنامەو ڕێزلێنان، سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کرد.**

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو نەوزاد غەفور، جێگری سەرۆکو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور، پێشوازییان کرد لە د. محەمەد سابیر، سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی.

لەکۆبونەوەیەکدا، د.محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند "سوپاسو پێزانینی دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی دەگەیەنینە سەرجەم ئەندامانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەبەرامبەر ئەو هاوکاریو هەماهەنگیەی هەیانە لەگەڵ دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانی، بەمەبەستی پێشخستنی کەرتەکانی بازرگانیو پیشەسازیو هونەریو کلتوریو




کشتوکاڵیو گەشتوگوزاری لەپارێزگای سلێمانی".

ڕاشیگەیاند "هیوادارین بازرگانانی شاری سلێمانی پرۆژەو کاری ناوازە لەسەرجەم سێکتەرەکاندا ئەنجام بدەن بەمەبەستی پێشخستنی زیاتری پارێزگای سلێمانیو بوژاندنەوەی ئابوری پارێزگاکەو ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجەکانمان، هیوای سەرکەوتنو سەرفرازی بۆ ئەندامانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەخوازین کە هەمیشە لەکاتی لێقەومانو کارەساتەکاندا جێدەستیان دیار بووەو پێشەنگ بوون لەگەیاندنی هاوکاریەکان".

لای خۆشیەوە سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ڕایگەیاند "زۆر خۆشحاڵین بەسەردانکردنی بەڕێزتانو پێدانی سوپاسنامە و ڕێزلێنان بەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەلایەن دامەزراوەی سەرۆک جەلال تاڵەبانیەوە، ئەمە دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ بازرگانانو پیشەسازان تاکو بتوانن کاری گەورەو پرۆژەی زیاتر ئەنجام بدەن لەشاری سلێمانی، هەروەها پشتیوانی خۆی پیشاندا بۆ هەموو هاوکاریەک لەسەرجەم بوارەکانی بازرگانیو پیشەسازیو کشتوکاڵیو گەشتوگوزار لەپارێزگای سلێمانیدا".

ئاماژەی بەوەشدا "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەچالاکترین ژوور هەڵبژێردراوە لەسەر ئاستی سەرەجەم پارێزگاکانی عێراقو هەرێمی کوردستان بۆیە هەر بەمشێوازە بەردەوام دەبینو بەو پەڕی تواناوە هەوڵ دەدەین لەئاستی ئەو متمانەیەدا بین، بەوپەڕی تواناشەوە هەماهەنگی دەکەین لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوو دامەزراوەکان لەسنوری پارێزگای سلێمانی".

# وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێم، سەردانی ژوور دەکات



**سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری ژوور پێشوازییان کرد لەکوێستان محەمەد، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی هەرێمو کۆبونەوەیەک ئەنجامدرا.**

لەکۆبونەوەکەدا سیروان محەمەد، سەرۆکی ژوورو بابان ئەحمەدو ئازاد عەبدولکەریم، ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێریو د.سەلام عەبدوڵا، بەڕێوەبەری گشتیو شەن جەزا، بەڕێوبەری بەشی ژمێریاری ژوور ئامادەبوون، لەکۆبونەوەکەدا گفتوگۆ کرا لەبارەی ئەنجامدانی کارو پرۆژەی هاوبەش بەمەبەستی گەشەپێدانی کەرتی ئابوریو بوژاندنەوەی بازاڕو ڕەخساندنی هەلی کارو کەمکردنەوەی بێکاری.

سیروان محەمەد سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەسەردانەکەی وەزیری کارو ڕایگەیاند "ئێمە وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی هەمیشە ئامادەین بۆ پشتیوانی کردنو سەرخستنی کارەکانی حکومەتی هەرێمو لەماوەی ڕابردوودا بەشێوەیەکی فراوان کارمان کردووە بۆ بەرەو پێشبردنی پەیوەندی نێوان حکومەتو کەرتی تایبەت، داواکارم وەزارەتی کاروباری کۆمەڵاتی کارئاسانی زیاتر بکات بۆ بازرگانانو خاوەنکاران تاکو گەشەی ئابوری زیاتر بێتو ئامادەین هاوکاری تەواو بکەین بۆ سەرخستنی هەر کارو پرۆژەیەک کە خزمەت بەگەنجانو بێکاران بکات".



## سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی:

# داواکارین دوو ناوچەی پیشەسازی لەسنوری پارێزگای سلێمانی بکرێتەوە

ئا: بازرگانیو پیشەسازی

**سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی راپۆرتو پلانی وردمان داوە بەئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لەبارەی ئەو دوو ناوچە پیشەسازییەی کە بڕیارە لەناوچەی بیست بیست دروست بکرێت، ئەو دەڵێت "داواکارین ئەو دوو ناوچەیە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە کە بەهەزاران هەلی کار بۆ گەنجان دەڕەخسێنێتو دەبێتە مایەی بوژاندنەوەی ئابوری سلێمانی، بەسەرنجدان لەوەی لەپارێزگای هەولێر ناوچەی پیشەسازی دروستکراوە کە زیاتر لەهەزار دۆنم زەوییەو سەدان کارگەی بچوکو مامناوەندی تێدا کراوەتەوە، لەپارێزگای دهۆکیش بەهەمانشێوە ناوچەی پیشەسازی دروستکراوە".**

> **لەپارێزگای هەولێر ناوچەی پیشەسازی دروستکراوە کە زیاتر لەهەزار دۆنم زەوییەو سەدان کارگەی بچوکو مامناوەندی تێدا کراوەتەوە، لەپارێزگای دهۆکیش بەهەمانشێوە، تەنها لەسلێمانی نەبێت**



سیروان محەمەد

سیروان محەمەد بەرۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" راگەیاند دوای ئەوەی لەساڵانی ڕابردوودا، نوێنەرانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی سەردانی یەکێتی ژوورە بازرگانییەکانی کوردستانیان کرد لەبارەی ڕێگەنەدان بەکردنەوەی چەند کارگەیەک لەپارێزگای سلێمانی بەهۆی نەبوونی زەوی بۆ ئەو کارگە بچوکو مامناوەندانە کە ژمارەیەکی زۆر لەسەرمایەدارانو بازرگانانو پیشەسازان دەیانویست کارگە دروست بکەنو دەبوو ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەو وتی "وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەنوسراوی فەرمی داوامان لەشارەوانی سلێمانیو بەڕێوبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی کرد کە پێویستە دوو ناوچەی پیشەسازی لەسنوری پارێزگای سلێمانی بکرێتەوە کە ڕوبەرەکەی لە ٥٠٠ دۆنم کەمتر نەبێتو سەرجەم خزمەتگوزاریەکانی لەسەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێتو کارئاسانیش بکات بۆ ئەو کەسانەی کە خوازیارن کارگەی بچوکو مامناوەند دروستبکەن، بەڵام بەداخەوە تاکو ئەم ساتە هیچ بڕیارێک نیە کە شایەنی باس کردن بێت".

وتیشی "لەئێستادا ئەگەر سەرمایەدارێک بیەوێت کارگەیەک دروست بکات کۆمەڵێک یاساو ڕێنمایی هەیە کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەمیو ناتوانێت کارگە دروستبکات، ئەم هۆکارە بوەتە هۆی ئەوەی کە کەرتی پیشەسازیو دروست کردنی کارگەی بچوکو مامناوەند لەپارێزگای سلێمای بەرەو کەم بونەوەو پاشەکشە بڕوات، بۆیە ئێمە وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی بەنوسراوی فەرمی داوامان لەئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی کرد کە بەزوترین کات ئەو ناوچانەی بۆ دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی دانراوە بخرێتە بوارەی جێبەجێکردنەوەو خزمەتگوزاریەکەشی حکومەت جێبەجێ بکات تاکو قورسایی لەسەر ئەو سەرمایەدارانە دروست نەبێت کە دەیانەوێت کارگەی بچوک دروست بکەنو لەوانەیە پێوستیان بە ٢٠٠ تاکو ٤٠٠ مەتر بێت بۆیە بەرگەی ڕێنمایی زۆر قورس ناگرنو رۆتیناتو ڕێنمایی دەبێتە ڕێگر لەبەردەم کارەکان، پێویستە زەوی بەنرخێکی کەم بدرێتو کارەباش دابین بکرێت، نەک ئەوەی بازرگانێک دەیەوێت کارگەیەکی بچوک بکاتەوە گێچەڵی دروستکردنی باخچەی پێدەکرێت بەناوی پاراستنی ژینگەوە".

سەرۆکی ژوور جەغت لەوە دەکات کە پارێزگای سلێمانی لەسەر ئاستی عێراق لەبواری پیشەسازیدا پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەتایبەتی لەپیشەسازی گەورەی وەک کەرەستەکانی بیناسازییو دەرمانو ئاو، بۆیە خوازیارین لەبواری پیشەسازی بچوکیشدا پاشەکشە نەکاتو لەهۆکارەکانی پاشەکشەکردنی پیشەسازیی بچوکو مام ناوەندی بکرێتەوە، ئەو وتی "وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی راپۆرتو پلانی وردمان داوە بەئەنجومەنی شارەوانی سلێمانی لەبارەی ئەو دوو ناوچە پیشەسازیەی کە بڕیارە لە ناوچەی بیست بیست دروست بکرێت، بەدروستکردنی ئەو دوو ناوچەیە پیشەسازی بچوک دەبوژێتەوەو بەهەزاران هەلی کار بۆ گەنجان دەڕەخسێتو بەرهەمەکانیش دەتوانرێت بنردرێت بۆ شارەکانی خوارووی عێراقو دەبێتە هاندانێک بۆ کەرتی تایبەتو بوژاندنەوەی ئابوری سلێمانی، لەئێستادا حکومەی چەندین ساڵە دامەزراندنی ڕاگرتووەو ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەگەنجانی سلێمانی بێکارن، بەدروستکردنی ئەم ناوچە پیشەسازییانە هەلی کاریان بۆ دەڕەخسێتو دەتوانن ئەو بیرۆکانەی لەمێشکیاندایە بۆ پرۆژەی بچوک لەو ناوچانە جێبەجێی بکەنو ژیانی خۆیان دروست بکەنو لەدیزاین کردنو ڕێکخستنی سایت پلانو دابینکردنی تۆڕی کارەباو ئاوو ئاوەڕۆو شەقامیشدا چەندین وەبەرهێنو سەرمایەداری نیشتیمانی ئامادەن هاوکاری شارەوانی بکەن لەجێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەدا".

وتیشی "لەسەردەمی پارێزگار بوونی بەڕێز بەهرۆز قەشانییەوە دوامان کردوە ئەو ناوچانە دروست بکرێت، بەڵام بە داخەوە تاکو ئێستا دروست نەکراوە، ئەرکی ئێمە وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پێشنیارو ئاگادار کردنەوەی حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکانە، ئەرکی حکومەتیش جێبەجێکردنی داواکانی کەرتی تایبەتە، بەڵام تاکو ئێستا نەکراوە، ئەمەش ئێمەو هاوڵاتیانی نیگەران کردووەو ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر سەرمایەداران سەردانمان دەکەنو گازندەی زۆریان هەیەو وایان لێهاتووە تاقەتی کارکردنیان نەماوە، پێویستە هانی گەنجان بدەین کار بکاتو پرۆژەی بچوک دروست بکات، بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستا نەکراوە، کە دەکرێتە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتو پشتبەستن بە بەرهەمی ناوخۆو هاوکاتیس دەبێتە هۆی کۆکردنەوەی خاوەنکارو پیشەسازی جیاواز لەناوچەیەکی شیاوو سەردەمیانەو دورخستنەوەیان لەجێگەی نەشیاوو لەسەنتەری شارو کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لەناو شار".

سەرۆکی ژوور ئەوە ڕووندەکاتەوە کاتێک نوێنەرانی وڵاتان لەباڵوێزخانەو کۆنسوڵخان سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکەن هەمیشە لەبارەی پرۆژەی بچوکەوە پرسیاریان لێدەکەن، ئەو وتی "بەداخەوە ئێمە هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەرمان پێنیەو ئەمەش زۆر مایەی نیگەرانیمانە، لەپارێزگای هەولێر ناوچەی پیشەسازی دروستکراوە کە زیاتر لەهەزار دۆنم زەوییەو سەدان کارگەی بچوکو مامناوەندی تێدا کراوەتەوە، لەپارێزگای دهۆکیش بەهەمانشێوە ناوچەی پیشەسازی دروستکراوە، بەڵام بەداخەوە لەپارێزگای سلێمانی هیچ ناوچەیەکی پیشەسازی دروست نەکراوەو ئەوەی هەیە هی سەردەمی کۆنە، بەمەرجێک لەپارێزگای سلێمانی چەندین زەوی فراوان هەیە کە گونجاوە بۆ دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی".

وتیشی "ئێمە لەپارێزگای سلێمانی لەکارگەی گەورەدا پێشەنگی عێراقین، بەڵام لەپرۆژەی بچوکو مام ناوەند لەپاشەکشەداینو لەئێستاشدا پرۆژەی بچوکو مام ناوەند زۆرترین هەلی کار دەڕەخسێنێت".



سلێمانی لەکارگەی گەورەدا پێشەنگە

## جێگری یەکەمی سەرۆکی ژوور:

# بوژانەوەی بازاڕی سلێمانی پێویستی بە بەرنامەو پلانە

ئا: بازرگانیو پیشەسازی

**جێگری یەکەمی سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات لەئەنجامی چەندین هۆکاری جیاوازدا ڕەوشی ئابوری سلێمانی ناسەقامگیرو جوڵەی بازاڕو بازرگانی سستو لاوازە، ئەو دەڵێت "بوژانەوەی بازاڕی سلێمانی پێویستی بە بەرنامەو پلان هەیە".**



یاسین ڕەحیم

”

**هاوڵاتیانی سلێمانی چاوەڕوانی گەشەکردنی ئاستی داهاتی تاکەکەسیو پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکانو چارەسەرکردنی گرفتو کێشە سەرەکییەکانی بواری بژێوی ژیانیان**

یاسین ڕەحیم فەرەج، جێگری یەکەمی سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "وەک ئەرکێکی ئەخلاقی وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەسەر ئێمە پێویستە کە لایەنە پەیوەندیدارەکانو کاربەدەستانی پارێزگای سلێمانی لەوە ئاگادار بکەینەوە کە ماوەیەکی زۆرە بێ بازارییەکی گەورە باڵی بەسەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە، بەتایبەتی لەوکاتەوەی موچەی فەرمانبەران لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا نادرێو بۆ نمونە ئێستا کە لەناوەڕاستی مانگی حەوتداین، بەڵام هێشتا فەرمانبەران موچەی مانگی شەشیان وەرنەگرتووە، هەربۆیە ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر کاسبکارو پیشەوەرو بازرگانانی ئەم شارە هەست بەدڵەڕاوکێ دەکەن بەرامبەر بەئایندەی کارو پیشەکانیان".

ڕاشیگەیاند "ئەرکی سەرشانی ئێمەیە لەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەکاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانو دەسەڵاتدارانی حیزبیو حکومی تەنها موجامەلەیان نەکەین، بەڵکو بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە باس لەخراپی ڕەوشی بازاڕ بکەین لەم ناوچەیەدا تاکو بەزووترین کات بیر لەچارەسەرکردنی ئەم ڕەوشە بکرێتەوە".

سەبارەت بەپێشنیاری ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بۆ کاربەدەستان، یاسین ڕەحیم وتی "بەبێ سیاسەتێکی ئابووری تۆکمەو پلانی ستراتیجی پەرەپێدان لەم ناوچەیەدا ڕوونادات، هاوڵاتیانی سلێمانی چاوەڕوانی گەشەکردنی ئاستی داهاتی تاکەکەسیو پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکانو چارەسەرکردنی گرفتو کێشە سەرەکییەکانی بواری بژێوی ژیانیانو چۆنیەتی باشترکردنی بەڕێوەبردنو کارگێڕینو بازرگانو وەبەرهێنەرانیش لەخەمی ئەنجامدانی پرۆژەی نوێو بەهێزکردنی کەرتی تایبەتدان".

وتیشی "بەهێزبوونی کەرتی تایبەت پێویستی بەچاکسازیو نوێبوونەوەی ئابوریو پیادەکردنی ئابوری بازاڕە، بازرگانو خاوەنکارو وەبەرهێنەرانی سلێمانی خوازیارن خزمەتی ئەم هەرێمە بکەنو بەرژەوەندی خۆیان لەپێشکەوتنو خزمەتکردنی ئەم شارو نیشتمانەدا دەبینن، بۆیە پێویستە کاربەدەستان پاڵپشتی ئەم کەرتە بکات کە ڕۆڵی لەپەرەپێدانی کوردستاندا هەیە".

جێگری یەکەمی سەرۆکی ژوور بەمەبەستی زیاتر جوڵە خستنە ناو پرۆسەی بازرگانیو بازاڕی سلێمانی، داوا دەکات کاربەدەستان پێداچوونەوە بکەن بەڕەوشی دەروازە سنوریەکاندا، ئەو وتی "لەئێستادا جوڵەی بازرگانی لەدەروازەکانی پارێزگای سلێمانیو ئیدارەی گەرمیانەوە گواستراوەتەوە بۆ دەروازەکانی تری هەرێمو دەروازەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە کە پێوستە بەرپرسان هۆکارەکەی بزانن و لێیبکۆڵنەوە، چونکە جاران زۆربەی کاری بازرگانی لەدەروازەکانی باشماخو پەروێزخانەوە ئەنجامدەدرا، بەڵام لەئێستادا جوڵەی بازرگانی لەم مەرزانە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لاوازی دەچێت، بۆ چارەسەرکردنی ئەم ڕەوشە پێویستە بەرپرسان لەگەڵ ژوورە بازرگانییەکانو یەکە ئابوورییەکان کۆبنەوە، چەند مانگێک لەماوەبەر بەمەبەستی چالاککردنی جوڵەی بازرگانی لەو دەروازانە بەرێز ئاواتی شێخ جەناب، وەزیری داراییو ئابووری حکومەتی هەرێم سەردانی کردینو کۆبونەوەیەکمان ئەنجامدا بەئامادەبوونی کاک سامالی بەڕێوبەری گشتی گومرگ، بەڵام ئەم بابەتانە پێویستە میکانیزمی جدی بۆ دابنرێتو بەپلانێکی باشتر سەیری کێشەکان بکرێتو بەجدیتر کاری لەسەر بکرێت".

وتیشی "کێشەیەکی دیکەی کاسبکارو بازرگانان زۆری باجو ڕۆتیناتە، من بەڕاشکاویی دەڵێم یەکە ئیداریەکانی سلێمانی لەئاست خواستی بازرگاناندا نین، بۆ نمونە فەرمانگەی ژینگە لەبری ئەوەی کار بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژینگەو زیادکردنی ڕووبەری سەوزاییو جوانکردنی سلێمانی بکات، هاتووە بارگرانی بۆ بازرگانانو پیشەسازان دروستکردووە لەڕێگەی کۆمەڵێک ڕێکارو ڕێوشوێنی تایبەتەوە، بازرگان هاتووە بۆ ژوور سکاڵایەتی لەبەرئەوەی لەفەرمانگەی ژینگە پێیانوتووە: ئێمە فەرمانبەرێکی خۆمان دەنێرین بۆ ئەو پرۆژەیەی کە ئەنجامی دەدەیت، دەبێت موچەی بدەیتو بیژێنێت، بازرگانەکە دەڵێت ئەوەی فەرمانگەی ژینگە داوای ئەکات بۆ فەرمانبەرەکەی بکەم ناتوانم بۆ منداڵەکەی خۆمی بکەم! ئەمەش وادەکات پرۆژەکان جێبەجێ نەکرێت".

یاسین ڕەحیم ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ڕۆژانە چەندین خاوەن نوسینگەی خانوو زەوی سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکەن بەمەبەستی پوچەڵکردنەوەی مۆڵەتی نوسینگەکانیان، ئەو وتی "هەیە هاتووە دەڵێت نزیکەی دوو ساڵە کرێ نوسینگەکەم لەگیرفانی خۆم دەدەم! خەڵک گەر داهاتی هەبێت نایەت مۆڵەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە، ئەگەر کەرتی تایبەت ببوژێتەوە هاوڵاتیان داوای دامەزراندن لە حکومەت ناکەن، سەرباری ئەوەش ئەم دۆخە لێکەوتەی کۆمەڵایەتیشی هەیە، بۆ نمونە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا پیاوێک لەماڵەوە دابنیشێتو نەتوانێت خەرجی ماڵو منالی دابین بکات، کاریگەری لەسەر ڕێزو حورمەتو کەسایەتی دەبێت، چونکە ئیشو کار نەک هەر بژێوی ژیان بەڵکو کەسایەتی مرۆڤیشی پێوە بەستراوە، هەربیە ئەمڕۆ کێشە ئابوریەکە کێشەی کۆمەڵایەتیشی دروست کردوە".

وتیشی "کێشەیەکی دیکەی بازرگانی لەم شارەدا ئەوەیە کە لەکاتی کردنەوەی پێشەنگا نێودەوڵەتییەکان لەسلێمانی، بەرپرسێکی باڵای حکومیو حیزبی ئامادە نیە بەشدار بێتو ڕێورەسمی کردنەوەکەی ئەنجام بدات، ئەمە وایکردوە کارگەو کۆمپانیاکانی زۆنی سەوز دەچن بەشداری لەو پێشەنگایانە دەکەن کە لەهەولێر دەکرێت، هەرچەندە لەدیدی منەوە هەولێرو دهۆکو سلێمانیو هەڵەبجە کوردستانەو جیاوازیان نیە، بەڵام بەداخەوە پێشەنگای نێودەوڵەتی سلێمانی وایلێهاتووە جگە لەبەشداری بەڕێزان کاک هەڤاڵی پارێزگارو کاک ئاواتی قائیمقامی سلێمانی، دەبێت خۆمان لەژووری بازرگانیو پیشەسازی بچین مەراسیمی کردنەوەی بۆ بکەین، ئەمە جێی پرسیارە کە بەرپرسێک نایەت بەشدار بێت لەمەراسیمەکەدا، هەرچەندە چەندین وەزیر بەڵێن دەدەن بەشدار بن، بەڵام لەڕۆژی کردنەوەی پێشەنگاکەدا نایەن بۆ سلێمانی! لەکاتێکدا وەزیر بەرپرسیاریەتی لەئەستۆدایەو دەبێت خزمەتی هەموو کوردستان بکات بێ جیاوازی، ئەم جۆرە جیاکارییە پوکانەوەی ئابوری سلێمانی لێدەکەوێتەوە".

جێگری یەکەمی سەرۆکی ژوور ئاماژە بەوە دەکات حکومەت کاتێک دەتوانێت خزمەتی هاوڵاتیان بکاتو پرۆژەی باش ئەنجام بدات کە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ کەرتی تایبەت هەبێت، ئەو وتی "ئێمە وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لایەنی جێبەجێکار نین، پەرلەمانێکی بچوکی کەرتی تایبەتینو پرۆژەو پێشنیاز دەدەین بەلایەنە پەیوەندیدارەکان، پێشنیازەکانیشمان لەدڵسۆزیو پەرۆشیمانەوەیەو بۆ خزمەت کردنی چینێکی دیاریکراو نیە، بەڵکو بۆ بوژاندنەوەو جوڵەی بازاڕو بەرەو پێشبردنی ژێرخانی ئابوری وڵاتەکەمانە".

# لەگەرمیان خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرا بەبازرگانانو پیشەسازانو خاوەنکاران

**لەکەلار خەڵاتی ڕێزلێنان بەخشرایە ئەو بازرگانو سەرمایەدارانەی کە لەماوەی ڕابردوودا خزمەتیان کردوە بەکاری خێرخوازیو پرۆژەی وەبەرهێنانیان ئەنجامداوەو هاوکاری یەکە ئیدارییەکانیان کردووە.**

لەمەراسیمەکەدا، یاسین ڕەحیم، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو ئەحمەد عەلی، ئەندامی ئەنجومەنی کارگێری ژوور بەشدار بوون.

جێگری سەرۆک لەوتەیەکدا ئاماژەی کرد بەو کارە خێرخوازیانەی بازرگانان ئەنجامیانداوەو داوای کرد یەکە ئیدارییەکان زیاتر هاوکاری بازرگانان بکەنو دەستخۆشی لەهەموو لایەک کرد، ئەو وتی "لەساڵی ٢٠١٤دا کە داعش سەریهەڵدا کۆمەڵێک کێشەو قەیران سەریهەڵدا، بازرگانانو پیشەسازان ڕۆڵی گرنگو بەرچاویان هەبوو لەهاوکاریکردنی هاوڵاتیانو هێزەکانی پێشمەرگە، لەئیدارەی گەرمیان بازرگانان سەنگەر بەسەنگەر دەگەڕان تاکو هاوکاریەکانیان بگەیەنن بەبرا پێشمەرگەکان".

وتیشی "پێویستە ئەمڕۆ ئەم مەراسیمە ناو بنێنین مەراسیمی ئاشتکردنەوەی کەرتی تایبەتو یەکە ئیدارییەکان، ئەگەر بێتو هاوکاریو هەماهەنگی نێوان کەرتی تایبەتو یەکە ئیدارییەکان زیاتر بێت، ئابوری ناوچەکان دەبوژێتەوەو کار و خزمەتگوزاری باشتر پێشکەشی هاوڵاتیان دەکرێت".

ئەوەشی خستەڕوو "ئێمە وەکو ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەکاتی هاتنی داعشدا بڕی یەک ملیار دینارمان دابین کرد بۆ بەرەکانی جەنگ، لەبەرئەوەی پەیوەندی ئیدارەی سلێمانی زۆر باش بوو لەگەڵ ژووری بازرگانیدا، ئەو کارەشمان وەک وەفاو ڕێزێک بوو بەئیدارەی سلێمانی کە دروست کاریان کردووە".





# لە٩٠٪ کارەکانی پڕۆژەی گەنجینەکان کۆتایی هاتووە

ئا: زریان محەمەد

**پڕۆژەی گەنجینەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لە٩٠٪ کارەکانی تەواو بووەو ڕۆژانە ٤٢٠ بازرگان کاری ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەناو پڕۆژەکەدا دەکەن.**

ئەندازیارو سەرپەرشتیاری پڕۆژەی گەنجینەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی، سامان ئیبراهیم لەبارەی کارەکانی پڕۆژەکەوە بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "لەپڕۆژەکەدا ڕۆژانە جموجۆڵێکی فراوانی بازرگانی هەیە زیاتر لە ٤٢٠ بازرگانی سەرقاڵی کارکردنو ڕۆژانە کارە بازرگانیەکانیان لەناو پڕۆژەکەدا ڕادەپەڕێنن".

وتیشی" لەئێستادا سەرەکیترین کارو کۆتا کارمان بریتیە لەدابینکردنی کارەبا بۆ پڕۆژەکەو کارەکانی گەشتوەتە قۆناغی کۆتایی وێستگەی کارەبای پڕۆژەکە بەکۆتا گەشتووە، چاوەڕێی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای سلێمانی دەکەین بەمەبەستی کارپێکردنی چونکە هێڵی کارەبای نیشتیمانی بەهاوبەشی لەگەڵ پڕۆژەی ئابوریناسان ڕاکێشراوە لەفیدەری بەردەکەڕەوە کارەکانی بەکۆتا گەیشتووە چەند کارو ڕێکاری یاساییو ئیداری ماوە کە تەواو بێت ئەوکات کارەبای پڕۆژەکە بەتەواوی دەستبەکار دەبێت".

پڕۆژەی گەنجینەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی لەسەر شەقامی دەرەوەی عەربەت- سلێمانی بەشێوازێکی مۆدێرنو بەشێوەیەکی ستانداردی جیهانی دروست کراوەو لەژێر چاودێری ئاسایشی بەهێزدا.

سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە وتی "ئەم پڕۆژەیەی ژووری بازرگانی و پیشەسازی بەهۆی چەندین تایبەتمەندی جیاوازە لەتەواوی ئەو گەنجینانەی دیکە کە لەشاری سلێمانی دروستکراون پێشکەوتوترن، لەپڕۆژەکەدا دیزاینی گەنجینەکانوپانی شەقامەکانو پاراستنی سەلامەتیو دروستکردنی ئاگربڕ کە تاکە پڕۆژەیە ئەمجۆرە سیستەمەی تیادا بەکارهاتووەو خاسیەتێکی تایبەتی داوە بەپڕۆژەکە".

وتیشی "پڕۆژەکە بوەتە سەنتەرێکی گەورەی بازرگانیو بازرگانان توانیویانە لەناو پڕۆژەکەدا تەواوی کاڵاو پێداویستییەکانیان هەڵبگرنو بەشێکی زۆری بازرگانان بریکاری سەرەکی براندە جیهانیەکانو هەر لە شاری سلێمانیەوە دابەش دەکرێتەوە بەسەر تەواوی شارەکانی عێراقدا".

گەنجینەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی خۆی دەبینێتەوە لەچەند بەشێکی کاری بازرگانی وەک خۆراک، شوشەوات، کارەبایی، تەندروستی، چەند بوارێکی دیکە کە زۆرێک لەبراندە جیهانیەکان لەلایەن بازرگانانەوە هێندراوەتە کوردستانو کاری لەسەر دەکرێت.

ڕێژەی سەوزای لەناو پڕۆژەکەدا گرنگی پێدراوە ئەندازیاری پڕۆژەکە دەڵێت" بەپێی سایتی پلانی پڕۆژەکە ئەو جێگایانەی داندراون بۆ سەوزای لەساڵی ٢٠٢٢ دەستکراوە بە سەوزکردن بە چاندنی سنەوبەرو چەند جۆرێکیدیکە کە هەشت هەزار دار لەخۆ دەگرێت کە بەردەوام خزمەت دەکرێن هەموو نەمامەکان بەشێوەی زانستی خزمەت دەکرێن".

سامان ئیبراهیم، ئەوەشی ڕاگەیاند" لەپڕۆژەی گەنجینەکاندا تواندراوە بەشێوەیەکی مۆدێرن دیزاینی ئاوڕۆی بۆ بکرێت تا لەکاتی وەرزی باراندا گرفت لە پڕۆژەکەدا دروستنەبێت وە هیچ گرفتێکی لافاو لە ناو پڕۆژەکدا دروست نەبووە".

پڕۆژەی گەنجینەکانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانی لە سەر ڕووبەری ٣٨٣ دۆنم ٤٢٠ کۆگای قەبارە جیاوازی لەخۆدەگرێت کارەکانی بەرەو کۆتایی دەڕوات و بازرگانان کاری تیادا دەکەن. ئەم پڕۆژە ستراتیجییە بەسەر شەش ناوچەدا دابەشکراوە، لەوانە گەنجینەکانی خۆراک، کەلوپەلی کارەبایی ناوماڵ، ساردکەرەوە بۆ هەڵگرتنی خۆراکو ئەو پێداویستیانەی پێویستیان بەساردکەرەوە هەیە، قرتاسیەو کاڵای دیکەش.

ئامانج لەپڕۆژەی گەنجینەکان بەهێزکردنی کەرتی تایبەتو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابوری هەرێمو گەشەدانە بەجموجوڵی بازرگانیو پیشەسازیو جگە لەوەش ژمارەیەکی زۆر هەلی کار دەڕەخسێنێت.

لەدروستکردنی گەنجینەکاندا هەموو ستاندارو پێوەرێکی جیهانی ڕەچاو کراوەو بەتەواوبونی پڕۆژەکە سلێمانی دەبێت بەسەنتەرێکی بازرگانی گرنگ لە سەرتاسەری عێراقدا.



پڕۆژەی گەنجینەکانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی

# پارێزگاری کوردستان (سنە) سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکات

**پارێزگاری سلێمانیو سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو ژمارەیەک لەئەندامانی کارگێڕی ژوور پێشوازییان کرد لەشاندێکی حکومی پارێزگای کوردستان لەکۆماری ئیسلامی ئێران کە پارێزگاری سنەو ژمارەیەک لەبەڕێوەبەرانی فەرمانگەکانی پارێزگای کورستانی لەخۆدەگرت.**

د.هەڤاڵ ئەبوبکر، پارێزگاری سلێمانیو سیروان محەمەد سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو یاسین ڕەحیم فەرەجو نەوزاد غەفور جێگرانی سەرۆکی ژوورو ئەحمەد کەلاریو ئازاد شمقارو عەتا حاجی ڕەجەب ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوور لەبینای ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پێشوازییان کرد لەپارێزگاری سنەو شاندی یاوەریو کۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسلێمانی.

د.هەڤاڵ ئەبوبکر پاریزگاری سلێمانی لەکۆبونەوەکەدا ڕایگەیاند "خۆشحاڵین بەسەردانکردنی پارێزگاری کوردستانو شاندی یاوەری، ئیمە دەمانەوێت لەم کۆبونەوانەدا چارەسەری کێشەکان بدۆزینەوە تا پەیوەندە بازرگانیەکان بەهێزتر بێت".

ڕاشیگەیاند "لێکتێگەشتنی زۆرمان پێکەوە واژۆ کردووە، بەڵام کاری کەممان کردووە، بۆیە دەبێت کارەکان لەپرۆتۆکۆڵییەوە بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەرئەوەی بازرگانان چاوەڕێ دەکەن ڕاستەوخۆ کارەکانمان ببینن کە توشی کێشە نەبنو کارەکانیان بۆ ئاسان بکرێت".

شاندەکەی پارێزگای کوردستان پێکهاتون لە بەڕێزان ئیسماعیل زارعی کوشا – پارێزگاری کوردستان ، سادق خدرڤەیسی – سەرۆکی نوێنەرایەتی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران لەپارێزگای کوردستان، ئیحسان دەروێشی – بەڕێوبەری گشتی کاروباری پارێزگار، محەمەد خبتیار خەلیقی – بەڕێوبەری گشتی پیشەسازی، کانزاو بازرگانی پارێزگای کوردستان، پەمیان ئەسکەندەری – بەڕێوبەری گشتی کشتوکاڵی پارێزگای کوردستان، خەلیل حەیدەری- چاودێری کاروباری گومرگی پارێزگای کوردستان، عەلی ئەسغەر مەردانی – ڕاوێژکاری پارێزگار ، ئەنوەر ڕەشیدی – سەرۆکی شارەوانی سنە ، عەلی اکرب عبدملکی – سەرۆکی ژووری بازرگانی سنە.

سیروان محەمەد،سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەدانیشتنەکەدا ڕایگەیاند "ئێمە کێشەی مەرزەکانمان هەیە، دەبێت چارەسەریان بکەین بۆ بەهێزبونی بزرگانی لەدەروازە سنورییەکان بەتایبەت لەمەرزی نێودەوڵەتی باشماخو پەروێزخان، کە بەداخەوە مەرزی باشماخ یەکێک بوو لەمەرزە چالاکەکان بەڵام ئێستا هەموو بارەکان ڕویانکردۆتە مەرزی تەمەچین، نازانین هۆکارەکەی چیە؟! دەمانەوێت وەک بازرگان باسی بکەین گومانمان هەیە کە پیلانگێڕیی لەسەر مەرزی باشماخو پەروێزخان هەبێت".

ڕاشیگەیاند "لەماوەی ڕابردودا داوامان کرد کاری کۆڵبەرەکان زیاد بکرێت، ئەوەبوو کراو کاری بازرگانی باش بوو، بووە هۆی باشبونی ڕەوشی خەڵکی ناوچەکەو جوڵەی بازرگانی زیاد بوو، بەڵام لەئێستادا کە ناهێڵدرێن کار بکەن ئەمە بۆتە هۆی خاوبونەوەی کاری بازرگانی، بۆیە هەمومان دەبێت کاربکەین ئەو جوڵەیە هەبێتو هەژارانی ناوچەکە سوود وەرگرن".

لەبەشێکی دیکەی قسەکانی، سەرۆکی ژوور ئاماژەی بەوەدا "بەرهەمەکانی سەوزەو میوە بەشێوەیەکی نەشیاو لەکۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دێت بۆ سەر مەرزەکان، بەبارهەڵگری ساردکەرەوە نایەن ئەوەش بۆ خواردن خراپ دەبێت، بۆیە داواکارین هەوڵبدرێت ئەو بارانە بەشێوەیەکی تەندروست بهێندرێتە کوردستان".

لەبارەی باری یەکسەرەوە وتی <تا ئێستا داواکارییەکان جێبەجێ نەکراوە کە بەردەوام هەوڵدراوە چارەسەر بکرێت، ئەگەر ئەو کارە بەهاوبەشی بکرێت تەنها لەمەرزی باشماخو پەروێزخان، ئەوا دوو بەرامبەر کاری بازرگانی زیاد دەکات، بۆیە دەبێت هەموان پێکەوە بڕیارێکی ئازایانە بدەینو ئەمە داوای ژووری بازرگانیو پیشەسازیو پارێزگای سلێمانییە".

پاشان بەڕێز ئیسماعیل زارعی کوشا، پارێزگاری کوردستان لەکۆبونەوەکەدا ڕایگەیاند "سوپاسو خۆشحاڵم بەم پێشوازییە گەرمە، سەردانەکەی ئێمە لەئێستادا بۆ شاری سلێمانی ئەوەیە کە دەمانەوێت کێشەکان دیاری بکەین تا چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، لەبواری ئابوریو بازرگانیو پیشەسازی دوو ڕەشنوسمان ئامادە کردووە کە بیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە نەک تەنها واژۆ بکرێتو کاری پێ نەکرێت، بۆیە داوا لە بەرپرسانی گومرگ دەکەم چارەسەری ئەم کێشانە بکەن و کۆتایی پێبهێندرێت".

ڕاشیگەیاند "ئێمە لەئێستادا کار لەسەر ئەوە دەکەین کە کاری بازرگانی فراوانترو بەهێزتر بکەینو مەرزی باشماخ بگەیەنینە لوتکەو کاری زیاتری تێدا بکرێت ، کەمبونەوەی ئاڵوگۆڕ لەمەرزەکانەوە کاری لەسەر دەکەم بۆ ئەوەی کاریان کەم نەبێتەوە".

ئاماژەی بەوەشدا "بەهێزکردنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ سلێمانی لەفراوان کردندایەو لەئەولەویاتی کارەکانماندایە"

لەکۆتایی کۆبونەوەکەدا تەواوی کێشەو گرفتەکان باسکراو بڕیاردرا کاری جدیان لەسەر بکرێتو کۆمیتەیەکی هاوبەش دروستبکرێت بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەکان.



سەردانی پارێزگاری سنە بۆ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی

# دوهەمین کۆڕبەندی ئابوری سلێمانی: بەرەو جوڵەی بازاڕو هەلی کارو ئاوەدانی

ئا: بازرگانیو پیشەسازی



**بەدروشمی بەرەو (جوڵەی بازاڕو هەلی کارو ئاوەدانی)، بەئامادەبونی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو پارێزگاری سلێمانیو ڕاوێژکاری هونەری سەرۆک وەزیرانی عێراقو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوورو وەبەرهێنەرانو بەرپرسانی یەکە ئیداریەکانی سلێمانیو کۆنسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسلێمانی، بۆ ساڵی دووەم لەشاری سلێمانی کۆڕبەندی ئابووری سلێمانی ٢٠٢٣ پێشانگای وەبەرهێنانو هەلی کار کرایەوە.**

ئەم کۆڕبەندە کار دەکات بۆ زیاتر گرنگیدانو پەرەپێدانی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستانو شاری سلێمانی هەروەها ڕاکێشانی سەرنجەکانو دروست کردنو بوژانەوەی ئابوری بازار.

د.هەڤاڵ ئەبوبکر، پارێزگاری سلێمانی لەوتەیەکدا ڕایگەیاند "شاری سلێمانی بۆ ساڵی دووەم توانیویەتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەژمارەی پرۆژەکانی وەبەرهێنان یەکەم بێتو توانیویەتی تائێستا یەکەمی هەموو پارێزگاکانی عێراق بێت لەپرۆژەکانی پیشەسازیدا کە لە٣١٪ی هەموو پیشەسازی عێراق لەسلێمانیەوە لە٦٠٪ی هەموو پیشەسازی هەرێم لەسلێمانییەو یەکەمە لەڕوی گەشتیاریو کشتوکاڵیەوە کە ئەمساڵ زۆرترین ڕێژەی گەنمان لەهەموو عێراق بەرهەم هێناوە".

ڕاشیگەیاند "ئەو کۆگایانەی کە ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دروستیان کردووە بۆ هەڵگرتنی خۆراک بۆتە جێگایەکی ستراتیژی بۆ هەموو عێراق کە دوو ساڵی کۆرۆنا تواندرا خۆراکێکی زۆر لەگەنجینەکاندا هەبێتو کاریگەری لەسەر نرخیش نەبێتو گران نەبێت، بتواندرێت بۆ هەموو عێراق دابینبکرێتو توانیمان قەبارەی بازرگانی زیاد بکەین بەجۆرێک پێش کۆرۆنا قەباری بازرگانی لەساڵێکدا دوو ملیارو ٦٠٠ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام لەو دوساڵەدا بەرزبۆوە بۆ شەش ملیار دۆلار لەڕێگەی شەش دەروازەی سنوری سلێمانی کە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییە کە توانیومانە پێشەنگ بین لەکاری بازرگانی ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ببێتە یەکەم ژوور لەسەر ئاستی عێراق بۆ ئەو کارو چالاکیانەی هەیبووە لەپەیوەندییە دیبلۆماسیەکانو هاوکاریەکانیانو ئەو کەرەستە کوالیەتیە بەرزانەی هاوردەی دەکەن بۆ هەموو عێراق".

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەکۆڕبەندەکەدا ڕایگەیاند "ژووری بازرگانیو پیشەسازی بەردەوام کاریکردووە بۆ پێشخستنی کەرتی بازرگانیو پیشەسازیو وەبەرهێنانو کەرتی کشتوکاڵیو پشتیوانی تەواوی بەرهەمە خۆماڵیەکان بووە".

ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەکۆڕبەندەکەدا بەشداری کردووەو توانیویەتی نوێترین ڕێبەری بازرگانی ئەلکترۆنی بەبازرگانانو وەبەرهێنەران بناسێنێتو دەتوانن لەو ڕێبەرە بازرگانیەدا ناوو زانیاری کۆمپانیاکەی وەک پرۆفایلی تایبەت بەخۆیو کارەکەی تۆمار بکات کە ئەوەش دەبێتە ئاسانکاری بۆ گەیاندنی کارەکانیان لەهەموو شوێنێکدا.

لەپانێڵەکەدا، د.سەلام عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو د.بروس فێرگسۆن، سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی سلێمانی – عێراق، میر کاوە، ڕاوێژکاری ئایتی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو هێرۆ محەمەد، خاوەنی کۆمپانیای بۆتانو ئەڤین قادر، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای کلیک عێراق گفتوگۆ لەبارەی تەوەرەکە کرا.

د.بروس فێرگسۆن، سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لەسمینارەکەدا ڕایگەیاند "زانکۆکەمان توانیویەتی ساڵانە کار بکات بۆ پێگەیاندنی کەسانی بەتواناو شارەزاا کە ڕۆڵیان هەبێت لەبەهێزکردنی بازاڕو کاری خاوەن کۆمپانیاکانو هەندێکیان بونەتە خاوەنی کاری خۆیان".

ڕاشیگەیاند "لەگەڵ ژووری بازرگانی سلێمانی پەیوەندیمان هەیە کاردەکەین بۆ ئەوەی خوێندکارەکانمانو کەسانی دەرەوەش بێن دەستبکەن بەبیرۆکەی نوێ لەڕێگەی ئەو سیستەمەی هەمانە دەستبکەن بەکاری خۆیان".

ئاماژەی بەوەشدا "لەئێستادا قورسە مرۆڤ لەتەکنەلۆژیا جیابکەینەوە کەوا زیرەکی دەستکردیش دێتە ناومانەوە، بۆیە ئێمە پەیوەندیمان هەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێمو ژووری بازرگانی تا بزانین لەداهاتودا چ کارێک بکەین بۆ زیاتر بەرەو پێشبردنی تەکنەلۆژیا".

د.سەلام عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەسمینارەکەدا ڕایگەیاند "تەکنەلۆژیا خۆی فەرز کردووە بەسەر هەمو جیهاندا بۆیە ئەوەش پێویستی بەیاسای تایبەت بەخۆیەتی بۆ ڕێکستنی کارەکانی، ئەمەش دەبێت سیستەمێکی بانکی باش هەبێت چونکە زۆربەی ناردنی پارەی بازرگانی لەجیهاندا لەڕێگەی ئەلکترۆنیەوە دەکرێت، بەڵام لەعێراقدا ئەوە بۆتە کێشە بۆ بازرگانان، گواستنەوەی کاڵاکان کاتێک بازرگان دەیکرێت یاسایەکی نوێیان بۆ دەربکرێت تا دەوڵەتیش ڕۆڵی بگێرێت لەوکارانەدا".

میر کاوە، ڕاوێژکاری ئایتی ژووری بازرگانی سلێمانی لەسمینارەکەدا ڕایگەیاند "لەکوردستاندا ژمارەیەکی زۆر دەرچوی زانکۆ هەیە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دێنە بازاڕی کارەوە دەبین بەشەکان تێکەڵ بووە، بۆ نمونە ئێمە چەند جۆرێک ئەندازیارمان هەیە کە بەشەکانیان جیاوازە، بەڵام هەموویان ئیشی یەکتر دەکەنو بەشەکان تێکەڵ بووە، پێویستە بەشەکانی زانکۆ لەگەڵ بازاڕی کاردا بگونجێتو بەشەکان جیابکرێتەوە هەر کەسەو کاری خۆی بکات".

ئاماژەی بەوەشدا "ئێمە لەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی هەمیشە هەوڵمانداوە لەگەڵ لایەنە ئەکادیمیەکانو ڕێکخراوە جیهانییەکان ئەو بۆشاییەی لەنێوان لایەنی تیۆریو پراکتیکی هەیە پڕی بکەینەوە، ئێمە وەک ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ئەزمونێکی زۆرمان هەیە لەلایەنی پاراکتیکی ئەو پسپۆڕیانەی کە خودی بازاڕ پێویستی پێیەتی هەوڵمانداوە ئەمە بەلایەنە پەیوەندیدارەکان بگەیەنین تاکو بتوانین ڕاهێنان بەو کەسانە بکەین کە لەدامەزراوەکاندا کار دەکەن".

ئەوەشی خستەڕوو "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی هەمیشە پێشەنگ بووە لەبەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم، لەساڵی ٢٠١٥دا سیستەمی یەک پەنجەرەیی بەسەرکەوتووی جێبەجێکرد، هەمیشە هەوڵیداوە نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم بەکاربهێنێت بۆ نمونە، لەئێستادا خەریکی پرۆژەیەکین بەناوی (ڕۆژشن) کە بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆیدو ئای ئۆ ئێس بەردەست دەبێت، لەڕێگای ئەم ئەپڵیکەیشنەوە، هاوڵاتیانو خاوەنکارانو بازرگانان بەیەک دەگەن، ئەو کەسانە کە تازە دەستدەکەن بەکاری بازرگانانی ناساندنی بەرهەمەکانیان بەهاوڵاتیان کارێکی سەختە لەسەرەتادا هەوڵدەدەن لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە بەرهەمەکانیان بناسێن، بەڵام ئەمە زۆرجار ئەنجامی باشی نابێت، ئێمە هەوڵمانداوە پلاتفرمێکیان بۆ دابین بکەین بەدابەزاندنی ئەپڵیکەیشنەکە بازرگان دەتوانێت کاڵاکانی نمایش بکاتو وێنەو ڤیدیۆی بەرهەمەکانی لەئەپڵی کەیشنەکەدا دابنێت".

## شاندێکی کۆنسوڵخانەی هۆڵەندا سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکات



**بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابورییەکان شاندێکی کۆنسوڵخانەی هۆڵەندا لەهەولێر، سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کرد.**

یاسین ڕەحیم، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانیو کەمال سەعید تەها کۆیی، ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوورو وەسفی خەلیل ڕاوێژکاری کشتوکاڵی ژوور، لەناو بینای ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پێشوازییان کرد لەشاندێکی کۆنسوڵخانەی هۆڵەندا لەهەولێر.

یۆرت پۆستهوموس، جێگری کۆنسوڵی گشتی هۆڵەندا لەکاتی کۆبونەوەی لەگەڵ جێگری سەرۆکی ژوور ڕایگەیاند "ئامانج لەسەردانەکەمان بۆ شاری سلێمانی بەهێزکردنی پەیوەندیمانە لەگەڵ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو دەمانەوێت لەنزیکەوە پێداویستییە ئابوییەکانی سلێمانی بزانینو هەوڵبدەین پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان کۆمپانیا هۆڵەندیەکانو کۆمپانیاکانی شاری سلێمانی بەهێز بکەین تاکو پێکەوە بتوانن کارو پرۆژەی هاوبەش ئەنجام بدەن، لەکاتێکدا ئێمە لەهەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کار دەکەین".

یاسین ڕەحیم فەرەج، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی لەکۆبونەوەکەدا ڕایگەیاند "خۆشحاڵبوین بەسەردانکردنی شاندی کۆنسوڵخانەی وڵاتی هۆڵەندا بۆ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی، لەشاری سلێمانی چەندین بازرگان هەیە کە بەسەدان ملیۆن یۆرۆ کاڵاو شتومەک لەوڵاتانی ئەوروپاوە هاوردە دەکەن، گەشبینین ئەم سەردانە ببێتە هۆی چالاککردنی پەیوەندیەکانمان".

یاسین ڕەحیم، داواشیکرد کۆنسوڵخانەی هۆڵەندا کاربکەن بۆ دروستکردنی کۆبونەوەیەکی فراوانی کاری هاوبەشی بازرگانانو پیشەسازانی سلێمانی لەگەڵ وڵاتی هۆڵەندا تا بتواندرێت بازرگانان و پیشەسازان ڕاستەوخۆ لەنزیکەوە ئاشنابن بەکارەکانی یەکتر.

شاندەکەی کۆنسوڵخانەی هۆڵەندا پێکهاتبوو لەیۆرت پۆستهوموس، جێگری کۆنسوڵی گشتی هۆڵەندا لەهەولێرو هۆشەنگ کانەبی، ڕاوێژکاری کشتوکاڵیو نالی یوسف ڕاوێژکاری ئابوری.

## شاندێکی بازرگانی تورکیا سەردانی ژوور دەکات



**بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانیو پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاریەکان، شاندێکی کۆمپانیاکانی وڵاتی تورکیا سەردانی ژووری بازرگانی و پیشەسازی سلێمانییان کردو لەلایەن جێگری سەرۆکی ژوورو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕیو بازرگانانەوە پێشوازییان لێکرا.**

لە کۆبونەوەیەکدا کە نەوزاد غەفور، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیو بابان ئەحمەدو ئازاد عەبدولقادرو بورهان عەلی ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوورو ژمارەیەک لەخاوەن کۆمپانیاکانو بازرگانانی شاری سلێمانی ئامادەبوون.

ساڵح باڵکان، سەرۆکی ڕێکخراوی تیسیات کە سەرۆکایەتی شاندی کۆمپانیاکانی تورکیای دەکرد لە کۆبونەوەکەدا ڕایگەیاند "سەردانەکەمان فەرمییە بۆ شاری سلێمانی، ئێمە کاردەکەین بۆ دروستکردنی پردێک لەنێوان عێراق و کوردستان لەگەڵ تورکیا بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوریەکان و لەڕێگەی پەیوەندی دۆستانەوە دەمانەوێت کاری بازرگانی زیاتر بکەین لەگەڵ شاری سلێمانیو زۆربەمان کوردینو لەشارە کوردییەکانەوە هاتوین".

ڕاشیگەیاند "ئامانجی ئێمە بەهێزکردنی کاری بازرگانیە، نامانەوێت ڕەوشی سیاسی کار بکاتە سەر خاو بونەوەی کارە بازرگانیەکانو لەهەموو ناوچەکانی تورکیاوە نوێنەری بازرگانان بەشدارن لەسەردانەکەماندا بۆ پارێزگای سلێمانیو کۆمپانیاکان لەبواری جۆر و جۆر کار دەکەن، هیوادارین بتوانین گرێبەستی کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیاکانی سلێمانیدا واژۆ بکەین".

نەوزاد غەفور، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی رایگەیاند "تەنها سلێمانی و هەرێمی کوردستان وەک بازارێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانتان سەیر مەکەن، بەڵکو هەوڵبدەن بێنە سلێمانی و لێرە پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، لەئێستادا چەندین بازرگان و سەرمایەدار هەن کە ئێمە دەتوانین پێتان بناسێنین و ئامادەن بەهاوبەشی لەگەڵ بازرگان و وەبەرهێنەرانی تورکیا پرۆژەی هاوبەش ئەنجام بدەن".



# شاندێکی بازرگانی ئەمریکا سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکات



**سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو نەوزاد غەفور، جێگری سەرۆکو ژمارەیەک لەئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوورو ژمارەیەک لەوەبەرهێنەرانی کەرتی کشتوکاڵ لەسنوری پارێزگای سلێمانی پێشوازیان کرد لەسەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانی ئەمریکی – عێراقیو جێگری سەرۆکی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ژووری بازرگانی ئەمریکی لەگەڵ شاندی یاوەریان.**

لەکۆبونەوەکەدا سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ڕایگەیاند "تاکە ژووری بازرگانین لەسەر ئاستی عێراقو هەرێمی کوردستان کە بەشی کشتوکاڵیمان کردۆتەوەو لەکۆبونەوەکەدا چەندین پێشنیازمان خستە بەردەم بازرگانانی ئەمریکا لەوانە دروستکردنی چەند بەنداوێکو چارەسەرکردنی ئاوی قورس لەپارێزگای سلێمانی، ئامادەکاری بۆ پرۆژەکە کراوەو تەنانەت دیزاینی پرۆژەکەش ئامادەیە، دواکارین بازرگانانی ئەمریکا لەگەڵ بازرگانانی سلێمانی ئەم پرۆژەیە دروست بکەن بەهاوبەشی، کە ڕۆڵی گرنگی دەبێت بۆ پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵو باشترکردنی ڕەوشی ژینگە لەشارەکەمان".

ئاماژەی بەوەشدا "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی خاوەنی گەورەترین بینای پێشانگای نێودەوڵەتییە کە ساڵانە چەند پێشانگایەکی تایبەتو جیاوازی تیادا دەکرێتەوەو خاوەنی گەورەترین پرۆژەی گەنجینەیە بۆ هەڵگرتنی خۆراکو کاری بازرگانی کە بۆتە ناوەندێکی بازرگانی بۆ تەواوی عێراق، چونکە بازرگانانی شاری سلێمانی خاوەنی زۆرترین وەکالاتی جیهانینو دابەشی دەکەنەوە بەسەر تەواوی عێراقدا".

سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی جەختی لەوەشکردەوە "پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتنەکەمان لەگەڵ ژووری بازرگانی ئەمریکی – عێراقی کە لە سەردانێکماندا بۆ واشنتۆن واژۆ کرا بوەتە هۆی ئەوەی ئەمرۆ ئەم شاندە سەردانی عێراقو هەرێمی کوردستان بکەن، بەهۆی ئەو پرۆتۆکۆڵەوە دوو کارگەی گەورە لەشاری سلێمانی دروست کراوە کە یەکێکیان کارگەی جیپسی لیزە کە تۆو دەداتە جوتیارانو پەتاتەیان لێوەردەگرێت، لەپیلانیشماندایە سەردانی واشنتۆن بکەین بەمەبەستی کارکردنی زیاتر لەگەڵ بازرگانانی ئەمریکا".

دواتر د.سەلام عەبدوڵا، بەڕێوەبەری گشتی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی ڕایگەیاند "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی هەمیشە پێشەنگ بووە لەبەکارهێنانی نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم، لەساڵی ٢٠١٥دا سیستەمی یەک پەنجەرەی بەسەرکەوتووی جێبەجێکرد، هەمیشە هەوڵیداوە نوێترین تەکنەلۆژیای سەردەم بەکاربهێنێت بۆ نمونە، لەئێستادا خەریکی پرۆژەیەکین بەناوی (ڕۆژشن) کە بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرۆیدو ئای ئۆ ئێس بەردەست دەبێت، لەڕێگای ئەم ئەپڵیکەیشنەوە، هاوڵاتیانو خاوەنکارانو بازرگانان بەیەک دەگەن، ئەو کەسانە کە تازە دەست دەکەن بەکاری بازرگانی ناساندنی بەرهەمەکانیان بەهاوڵاتیان کارێکی سەختە، لەسەرەتادا هەوڵدەدەن لەڕێگەی سۆشیال میدیاوە بەرهەمەکانیان بناسێنن، بەڵام ئەمە زۆرجار ئەنجامی باشی نابێت، ئێمە هەوڵمانداوە پلاتفرمێکیان بۆ دابین بکەین بەداونلۆد کردنی ئەپڵیکەیشنەکە بازرگان دەتوانێت کاڵاکانی نمایش بکاتو وێنەو ڤیدیۆی بەرهەمەکانی لەئەپڵی کەپشنەکەدا دابنێت".

شاندەکەی ئەمریکا پێکهاتبوو لەستیف لوتس، سەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانی ئەمریکا – عێراقو جێگری سەرۆکی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژووری بازرگانی ئەمریکاو ئانا بوریس، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بازرگانی ئەمریکا– عێراق، ژووری بازرگانی ئەمریکاو جێنا هیڤنەر، بەڕێوەبەری یاریدەدەری، ئەنجومەنی بازرگانی ئەمریکا – عێراق، ژووری بازرگانی ئەمریکاو ئۆڵی پێرکینز، بەڕێوەبەری گەشتو ڕووداوەکان، ژووری بازرگانی ئەمریکاو تارا هەمەوەندی، لەنوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئەمریکا.

ستیف لوتس، سەرۆکی ئەنجومەنی بازرگانی ئەمریکا –عێراق رایگەیاند "زۆر سوپاسی بەڕێزان دەکەم لەژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کە ئەمڕۆ پێشوازیان لێکردینو گفتوگۆمان کرد لەبارەی ڕەوشی کەرتی کشتوکال لەهەرێمی کوردستانو ئەو دەرفەتانەی کە لەم کەرتەدا هەیە بۆ ئەوەی پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجامبدرێت، ئێمە پرۆتۆکۆڵی لێکتێگەیشتنی هاوبەشمان لەگەڵ سلێمانیدا واژۆ کردووەو هیوادارین بتوانین کاری زیاتر بکەین".

راشیگەیاند "ئێمە پێشترلەکۆبونەوەکانماندا لەگەڵ بەڕێزان مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمو قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران گفتوگۆمان کرد لەبارەی ڕۆڵی بانک لەپێشخستنی کەرتی کشتوکاڵو ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی تاکو بێن لێرە لەهەرێمی کوردستان پرۆژە ئەنجام بدەن".

ئاماژەی بەوەشدا "ئێمە سەردانی بەشێک لە خانووە پلاستییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیو کارگەکانی جیپسی لیزو بیبسیمان کرد، کە چەندین هەلی کاریان ڕەخساندووە، ئێمە دەمانەوێت لەسەرجەم بوارەکان لەگەڵ بازرگانانی سلێمانیدا کار بکەین نەک تەنها لەبواری کشتوکاڵ، پرۆتۆکۆڵەکەشمان لەگەڵ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بۆ سەرجەم بوارەکانە".

## شاندێکی باڵوێزخانەی تایلاند سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکات



**بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابورییەکان لەنێوان وڵاتی تایلاندو هەرێمی کوردستان بەگشتیو پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی، جێگری باڵوێزی تایلاند لەئوردن سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کرد.**

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژوورو یاسین ڕەحیمو نەوزاد غەفور جێگرانی سەرۆکو کەمال سەید تەها کۆییو کەمال حەمەعەلیو بەختیار مەحمودو بورهان عەلی ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی پێشوازیان کرد لە "ئەدیساک جانتاتوم"، جێگری باڵوێزی تایلاند لەعەمانو شاندی یاوەری.

لەکۆبونەوەکەدا سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی رایگەیاند "بەخێرهاتنی بەڕێزتان دەکەینو زۆر دڵخۆشین بەم سەردان کردنە، هیوادارین بتوانین کاری بازرگانیو پیشەسازی بەرەو پێش بەرنو کار بکەن بۆ هاندانی بازرگانانو وەبەرهێنەرانی تایلەند تاکو سەردانی سلێمانی بکەنو لێرە پرۆژەی وەبەرهێنان ئەنجام بدەن، لەپارێزگای سلێمانی زەمینەی وەبەرهێنان هەیە".

لای خۆشیەوە ئەدیساک جانتاتوم، جێگری باڵوێزی تایلاند لەئوردن، زۆر خۆشحاڵ بوو بەوتەکانی سەرۆکی ژوورو هیوای خواست لەداهاتوودا بتوانن کاری هاوبەش بکەنو پەیوەندییە ئابوریەکان بەهێز بکەنو بەشداری پێشەنگاکانی سلێمانی بکەن.

## سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەکات



**پرۆفیسۆر بروس والکر فێرگسون، سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لەعێراق – سلێمانی بەمەبەستی پتەوکردنی پەیوەندیەکانو هەنگاونان بۆ کاری پێکەوەیی لەخزمەتکردنی بەرەوپێش بردنی بواری بازرگانیو پراکتیزە کردنی ئەو زانستانەی خوێندکاران فێری بوون لەبازاڕی کاردا، سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کرد.**

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانیو ئەحمەد کەلاریو ئازاد عەبدولکەریمو کەمال سەید تەها کۆیی، ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێڕی ژوورو د.سەلام عەبدوڵا، بەڕێوبەری گشتی ژوور ئامادە بوونو بەگەرمی پێشوازییان کرد لەپرۆفیسۆر بروس والکر فێرگسون، سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لەعێراق – سلێمانیو دکتۆر ئاسۆ، یاریدەدری سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی.

لەکۆبونەوەیەکدا سیروان محەمەد، سەرۆکی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی رایگەیاند "ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی خاوەنی گەورەترین پرۆژەی گەنجینەو گەورەترین بینای پێشەنگایە کە ساڵانە چەندین جۆر پێشەنگای تێدا دەکرێتەوەو پشتیوانی تەواو لەبەرهەمی ناوخۆ دەکاتو پشتیوانی بەردەوامی کەرتەکانی ئاژەڵداریو کشتوکاڵی کردوە".

لای خۆشیەوە، پرۆفیسۆر بروس والکر فێرگسون، سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی لەعێراق – سلێمانی رایگەیاند "دەمانەوێت پەیوەندییەکانی نێوانمان لەگەڵ ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی بەهێز بکەین تاکو هەنگاو بنێین بۆ کاری پێکەوەیی لەخزمەتکردنی بەرەوپێش بردنی بواری بازرگانیو پراکتیزەکردنی ئەو زانستانەی خوێندکاران فێری بوون لەبازاڕی کاردا بۆ بوژاندنەوەی پارێزگای سلێمانی".

## ملحقی بازرگانی کۆنسوڵخانەی میسر سەردانی ژوور دەکات

**ملحقی بازرگانی لەکۆنسوڵخانەی میسر لەهەولێر سەردانی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کردو لەگەڵ سەرۆک ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری ژوور کۆبویەوە.**

سیروان محەمەد، سەرۆکی ژوورو بابان ئەحمەدو ئازاد عەبدولکەریمو بەختیار مەحمود، ئەندامانی ئەنجومەنی کارگێری ژوور پێشوازیان کرد لەئەمیرە نەبیل لوتفی، ملحقی بازرگانی لەکۆنسوڵخانەی میسر لەهەولێر.

لەکۆبونەوەکەدا سەرەتا سیروان محەمەد، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەسەردانکردنی بەشی ئابوری کۆنسوڵیەتی میسرو هیوای خواست بتوانن پەیوەندییەکی ئابوری بەهێز دروست بکەن لەنێوان هەردوولادا، ئامادەیی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی دەربڕی بۆ ئەنجامدانی کاری هاوبەش لەنێوان کۆمپانیاکانی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ کۆمپانیا میسریەکان.

لای خۆشیەوە، ئەمیرە نەبیل لوتفی، ملحقی بازرگانی کۆنسوڵیەتی میسر سوپاسی ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی کردو رایگەیاند "ئامانج لەم سەردانەمان دروستکردنی پەیوەندییەکی ئابوری بەهێزە لەنێوان بازرگانانی پارێزگای سلێمانیو بازرگانانی وڵاتی میسر، هیوادارین بازرگانان سەردانی میسر بکەنو کاری هاوبەش لەگەڵ کۆمپانیاکانی وڵاتەکەمان ئەنجام بدەن".

لەکۆبوونەوەکەدا باس لەوەش کرا، کە کار بکرێت بۆ چالاککردنی هێڵی ئاسمانی لەنێوان پارێزگای سلێمانیو وڵاتی میسر، گەشتەکان زیاد بکرێت تاکو هاوڵاتیان بتوانن سەردانی میسر بکەن.

# سلێمانی لەبەرهەمهێنانی گەنم لەسەر ئاستی عێراق یەکەمە

ئا: ڕێژەن سەردار

**نوێنەری جوتیارانی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی ١٠ هەزار کەس لەسنوری پارێزگای سلێمانی سەرقاڵی چاندنی گەنمن، ئەو دەڵێت "پێشبینی دەکەین ئەمساڵ لەپارێزگای سلێمانی بڕی ٩٠٠ هەزار تەن گەنم بەرهەم هاتبێتو لەسەر ئاستی عێراق بەپلەی یەکەم دێت"**

ساسان عبدولغەنی محەمەد، نوێنەری جوتیرانی سلێمانی بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" راگەیاند "ئێمە ساڵانە بەئەنجومەنی گوندەکان دەڵێن ئامارێکمان پێبدەن لەبارەی بڕی داچێنراو بەگەنم، ئەم بابەتەش پشت بەباران دەبەستێت، ئەمساڵ لەبەرئەوەی بارانی باش باری، بەگوێرەی ئەو ژمارانەی لەئەنجومەنی گوندەکانەوە وەرمانگرتووە پێشبینی دەکەین یەک ملیۆنو سەد هەزار دۆنم زەوی کرابێت بە گەنم، ئەمساڵ ساڵی هاتە لەبەر ئەوەی دوو ساڵی رابردوو گەنم نەکرا، ئەم ساڵ جوتیاران بەشێوەیەکی فراوان ڕویان کردە چاندنی گەنمو پێشبینی دەکەین بڕی ٩٠٠ هەزار تۆن گەنم لەسنوری پارێزگای سلێمانیو ئیدارەکانی گەرمیانو راپەڕین بەرهەم هاتبێت".

ساسان ئەوە روون دەکاتەوە کە نزیکەی ١٠ هەزار کەس لەسنووری پارێزگای سلێمانیو گەرمیانو راپەڕین سەرقاڵی چاندنی گەنمو لەم بوارەدا کاردەکەن، ئەو برە گەنمەشی بەرهەم دێت بەشێکی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەردەگیرێت، ئەو وتی "ساڵانی رابردوو، پێش ساڵی ٢٠١٤و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە وەرگرتنی گەنم لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بێ سنور بوو، واتە جوتیار هەرچەنێک گەنمی هەبوایە لێیوەردەگیرا، بەڵام لەئێستادا بڕێکی دیاریکراو گەنم وەردەگیرێت، بۆ ئەمساڵ وەزارەتی بازرگانی عێراق دەڵێت

> نزیکەی ١٠ هەزار کەس لەسنوری پارێزگای سلێمانی سەرقاڵی چاندنی گەنمنو پێشبینی دەکەین ئەمساڵ بڕی ٩٠٠ هەزار تەن گەنم بەرهەم هاتبێت

گەنم هاوردە ناکەم لەبەرئەوەی بەرهەمی ناوخۆ لەئاستی پێویستدایە، بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم پێشتر بڕی ٣٧٥ هەزار تەن گەنمی دانابوو وەربگرێت، پاشان کرا بە ٥٠٠ هەزار تەن گەنم بۆ هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان، پشکی پارێزگای سلێمانی ٢١٠ هەزار تەنە، بەڵام لەسلێمانی زۆر لەو بڕە زیاتر بەرهەم هاتووە، بەشێکی لێهەڵدەگیرێت بۆ بنەتۆو بەشێکی دەکرێت بەساوەرو قەرەخەرمان، بەشێکی دیکەی کە حکومەتی عێراق وەریناگرێت جوتیار ناچار لەکەمتر لەنرخی دیاریکراوی گەنم کە تەنی بۆ ئەمساڵ بە ٨٥٠ هەزار دینار دیاریکراوە دەفرۆشێتو زۆر جار بە ٥٥٠ هەزار دینار دەیفرۆشێت بەدەڵاڵەکانی بازاڕی ڕەشو ئەوانیش دەیبەن بۆ تکریتو کەرکوکو باشوری عێراق، لەتکریتو کەرکوک شوێن نیە گەنمی لێوەربگرن لەسایلۆکاندا، جوتیارانی کوردستان توشی زەرەرو زیانی گەورە دەبن".

وتیشی "لەئێستادا دوو کۆمپانیای ناوخۆیی کار لەسەر ئەوە دەکەن گەنمی جوتیاران بکڕنەوە، بەڵام ئەوان ناتوانن هەمان نرخی وەزارەتی بازرگانی عێراقی پێبدەن لەبەرئەوەی عێراق لەساڵانی شەستەکانەوە بەرنامەیەکی هەیە گەنم بەنرخێکی بەرزتر لەنرخی بۆرسەی جیهانی دەکڕێتەوەو بەمەش هانی جوتیاران دەداتو پارەکەش لەناوخۆی وڵات دەمێنێتەوە، کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت ئەستەمە بتوانن ئەم کارە بکەن لەبەرئەوەی هیچ سودێکیان نابێت، ئەو دوو کۆمۆپانیایە ساڵی رابردوو بڕێک گەنمیان کڕیو کارگەیەکی گەورەیان هەیە و گەنمەکە دەکەنە ئاردو پاستاو مەعکەرۆنی".

ساسان جەغت لەوە دەکات کە لەپارێزگای سلێمانی ٢١٠ هەزار تۆن گەنم دیاری کراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە وەربگیرێت، بەڵام تاکو ئێستا ١٠٠ هەزار تۆن گەنم وەرگیراوەو لەڕووی کاتیشەوە تاکو ١٥ بۆ ٢٠ مانگی تەموز گەنم وەردەگیرێت، ئەو وتی "کێشەکە ئەوەیە ڕۆژانە سایلۆکان تەنها دەتوانن ٥٠ تاکو ٦٠ بارهەڵگر گەنم وەربگرن، بۆ هەر دۆنمێک ٢٠٠ کیلۆ گەنم وەردەگیرێت، واتە جوتیارێک لەدۆنمێکدا ٧٠٠ کیلۆ گەنمی هەبێت تەنها ٢٠٠ کیلۆی لێوەردەگرێت، لەسایلۆکان ئەگەر بارهەڵگرەکە ١ تۆنی تیا بێتو ١٠٠ تۆنی تیا بێت بەیەک جۆر پشکنینی بۆ دەکرێت".

وتیشی "ڕۆژانە نزیکەی ٨٠ بارهەڵگر گەنم وەردەگیرێت، ئەگەر ئەمساڵ کەمتر لەو بڕەی دیاری کراوە وەرنەگیرێت کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەکات لەبەرئەوەی بەرپرسانی وەزارەتی بازرگانی عێراق دەڵێن ئێوە دەتانوت ٩٠٠ هەزار تۆن گەنممان هەیە، بەڵام نەتانتوانی ٥٠٠ هەزار ڕادەستی سایلۆکان بکەن".



ئەمساڵ بەشێوەیەکی فراوان جوتیاران روویانکردوەتە چاندنی گەنم

## سلێمانی کێشەی سایلۆی هەیە

**سەرباری ئەوەی لەسنوری پارێزگای سلێمانی ساڵانە بەهۆی بەپیتیی خاکەکەیەوە زۆرترین بڕی دانەوێڵە بەرهەم دەهێنرێت، بەڵام نەبوونی سایلۆ گەورەترین کێشەی دروست کردووەو بەو هۆیەوە گەنمی شارەکە ڕەوانەی سایلۆی شارەکانی تری ناوەڕاستو خوارووی عێراق دەکرێ.**

لەسنوری پارێزگای سلێمانی نەبوونی سایلۆ جوتیارانی دووچاری گرفت کردووەو داوا دەکەن وەک شارەکانی عێراق سایلۆیەکی گەورەو فراوانیان بۆ دروست بکرێت، تاوەکو بتوانن گەنمەکانیان رادەست بکەنو بەرهەمەکەیان بەهەدەرنەچێت.

ئەو سایلۆیانەی لەسنوری پارێزگای سلێمانی هەن توانای هەڵگرتنی گەنمیان بەو ڕێژە زۆرە نییە کە بەرهەم دەهێنرێت، نەبوونی سایلۆی گەورەو بێ پلانی لەوەرنەگرتنی بەرهەمەکانیان لەکاتی دروێنە کردندا بووەتە هۆکاری ئەوەی جوتیاران لەپیشەکەی خۆیان دڵ سارد ببنەوەو هەندێکجاریش دانەوێڵەکانیان هەرزانفرۆش بکەن، ئەمە جگە لەوەی زۆربەیان چەندین ڕۆژ لەچاوەڕوانی وەرگرتنی گەنمەکەیاندانو تا نۆرەی وەرگرتنیان دێت دەبێت کرێی ئوتومبێل بدەن.



## عێراق پێویستی بەچوار ملیۆنو ٦٠٠ هەزار تەن گەنم هەیە

**کۆمپانیای بازرگانی دانەوێڵە لەوەزارەتی بازرگانی عێراق ئاماژە بەوە دەکات "بەرهەمهێنانی گەنمی ساڵی ٢٠٢٢ دوو ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تۆن بوو، لە کاتێکدا عێراق پێویستی بەچوار ملیۆن و ٦٠٠ هەزار تۆن هەیە، بۆیە بەرهەمهێنانی گەنمی ساڵی رابردوو ٤٠٪ی پێویستی راستەقینەی پڕ کردەوە".**

ئاماژەی بەوەشکرد "عێراق نزیکەی شەش جۆر گەنم بەرهەم دەهێنێت، کە هەموویان باشن بەڵام کوالێتییان مام ناوەندە بۆیە عێراق پشت بەهاوردەی گەنمی سێ وڵاتیش دەبەستێت کە بریتین لەئوستوڕاڵیا، کەنەداو ئەمەریکا، بۆ تێکەڵکردنی گەنمی هاوردەکراو لەگەڵ گەنمی خۆماڵی لەپێناو باشترکردنی جۆری ئارد".

جەغتی لەوەش کرد "پاڵپشتی حکومەت زۆرە لەرێگەی کڕینی گەنمی ناوخۆیی بەنرخی ٨٥٠ هەزار دینار بۆ هەر تۆنێک، لەکاتێکدا کڕینی گەنمی ئوستوڕالی دەگاتە ٦٥٠ هەزار دینار بۆ هەر تۆنێک".

روونیشیکردەوە "پێدەچێت رێژەی بەرهەمهێنانی گەنم بۆ ئەمساڵی ٢٠٢٣ بگاتە چوار ملیۆن تۆن، بەمەش بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ ٨٥٪ی پێداویستییەکانی عێراق دابیندەکات".



# گەرمیان: ئەمساڵ زیاتر لە١٠ هەزار دۆنم زەوی کراوە بەسەوزەو میوە

ئا: ڕێژەن سەردار

**بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان ئاماژە بەوە دەکات ساڵ بەساڵ چاندنی پەتاتە لەگەرمیان زیاتر دەبێت ئەمساڵ نزیکەی هەزار دۆنم کراوەو لەهەر دۆنمێک هەزارو ٢٠٠ کیلۆ بەرهەمی هەبووە، ئەو دەڵێت "تەنها داواکاریم لەلایەن پەیوەندیدارەکان دۆزینەوەی بازاڕە بۆ بەرهەمی جوتیاران، بەبازاڕکردن گرنگترین کارەو سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەکات".**



شادیە حسێن، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند لەم وەرزەدا دیارترین ئەو بەرهەمە کشتوکاڵیانەی کە لەگەرمیاندا هەن جیا لەدانەوێڵە، بەرهەمی سەوزەیە، ئەو وتی "لەم وەرزەدا بەرهەمی سەوزەمان زۆرە وەکو تەماتەو شوتیو پەتاتەو باینجانو کولەکەو چەندین بەرهەمی دیکە، بەشێک لەجوتیارانیش سەرقاڵی مەرەزەن، لەگەرمیان دوو جۆرە کشتوکاڵ دەکرێت: جۆرێک کشتوکاڵی داپۆشراوەو جۆرێکی دیکە کشتوکاڵی دانەپۆشراوە، زیاتر لەگەرمیان کشتوکاڵی داپۆشراو دەکرێت، بەگوێرەی زانیارییەکانمان ئەمساڵ زیاتر لە ١٠ هەزار دۆنم زەوی کراوە بەسەوزەو میوە".

سەبارەت بە بەرهەمی ئەمساڵی سەوزەش بەراورد بەساڵانی رابردووم شادیە وتی "ئەمساڵ هیچ کێشەیەکمان نیەو بەڕێژەیەکی بەرچاو بەرهەم زیادی کردوە، ئەمساڵ جوتیارانی گەرمیان دوای دوو ساڵ لەوشکەساڵیو کێشەی هەبوونی مێرووی زیانبەخش، کشتوکاڵ دەکەن، ئەمساڵ لەسەرەتای وەرزی زستانەوە بارانی باش باریو ساڵێکی تەڕە، لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان رویان کردۆتە کەرتی کشتوکاڵ، ئەمە یەکێکە لەهۆکارەکان. هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە ساڵی پار بەرهەمی تەماتەو پەتاتەو بەرهەمەکانی تر بازاڕی زۆر دانەبەزیو جوتیاران زەرەرمەند نەبوون بەهۆی پاڵپشتی وەزارەتی کشتوکاڵو قەدەغەکردنی بەرهەمی هاوردە کە ئەمە بووە هاندانێک بۆ جوتیاران کە ئەمساڵ زیاتر روو لەکەرتی کشتوکاڵ بکەن".

دەربارەی بەروبومە سەرەکییەکانی ئەم وەرزی هاوینەی گەرمیانیش، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵ وتی "لەکشتوکاڵی داپۆشراودا ئەمساڵ نزیکەی ٩ بۆ ١٠ هەزار دۆنم زەوی کراوە بەتەماتەو شوتیو خەیارو باینجان، بەڵام بەپلەی یەکەم تەماتە چێنراوەو بەپلەی دووەم شوتی، ئەمساڵ ٨٠ هەزار تەن تەماتە چێنراوە لەکشتوکاڵی داپۆشراو، ٥٠ هەزار تەنن تەماتەش لەکشتوکاڵی دانەپۆشراو چێنراوە، ساڵ بەساڵ چاندنی پەتاتە لەگەرمیان زیاتر دەبێت ئەمساڵ نزیکەی هەزار دۆنم کراوەو لەهەر دۆنمێک هەزارو ٢٠٠ کیلۆ بەرهەمی هەبووەو ئەمساڵیش بۆ یەکەمجار پەتاتەی پیشەسازی چێندرا، جوتیارێکمان ٨٠ دۆنمی کرد کە گرێبەستی لەگەڵ کارگەی لیز هەبوو، بەرهەمەکەی بەنرخێکی بەباش لێکڕا، ئەمساڵ بەلایەنی کەمەوە هەزارو ٢٠٠ تەن پەتاتە چێنراوە، بەرهەمی هاوینی گەرمیان تاکو ناوەڕاستی مانگی هەشت بەردەوام دەبێت، لەبەرئەوەی پلەکانی گەرما لەگەرمیان زۆر بەرزە".

وتیشی "زۆرترین بەرهەمی گەرمیان لەناوەڕاستو باشوری عێراق ساغ دەکرێتەوە، ئەمە بۆ هەموو بەرهەمە کشتوکاڵیو ئاڵژەڵدارییەکان وایە، تەنانەت گەنمی گەرمیانیش دەنێرێت بۆ باشوری عێراق".

سەبارەت بەکێشەو گرفتەکانی بەردەم گەشەکردنی کەرتی کشتوکاڵیش لەگەرمیان، شادیە وتی "گەورەترین گرفتمان نزیک بوونی سنوەکەمانە لەمەرزی مونزرییە، لەبەرئەوەی باجی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمو عێراق جیاوازە، ئەوان باجێکی کەم دائەنێن یاخود هەر باج ناخەنە سەر بەرهەمی هاوردە، ئەمەش وادەکات بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەنرخێکی هەرزانتر بێتە بازاڕەو جوتیارانمان توشی زەرەرو زیان ببن، هەرچەندە لەڕوی کوالێتیشەوە بەرهەمی خۆماڵی زۆر جوانو باشترە لەهی هاوردەکراو".

وتیشی "سەرەڕای هەموو گرفتەکان گەشبینم بەئایندەی کەرتی کشتوکاڵ لەگەرمیان، ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیان ڕویان لەکەرتی کشتوکاڵ کردوە، بە بەراورد لەگەڵ شەش ساڵ لەمەوبەر، لەئێستادا جوتیاران بەشێوازێکی نوێتر کار دەکەن، بەشێک لەجوتیاران خەریکە دەبنە خاوەن ئامێری کشتوکاڵی تایبەت بەخۆیانو دووردەکونەوە لە بەکرێ گرنتنی ئامێرە کشتوکاڵیەکان، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە، سیستەمی ئاودێری پێشکەوتوو بەکاردێتو کێڵانی زەوی بەزانستی دەکرێت، ئێمە ١٤ جۆر سیستەمی ئاودێریمان دابەش کردوە بەسەر جوتیاراندا".

دەربارەی داواکاریشیان لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان "کاتێک وەبەرهێنەرێک داوای زەوی دەکات بۆ دانانی کارگە من کارەکانی بۆ ناکەم تاکو لەگەڵ جوتیارانی ناوچەکە رێکەوتن نەکات، لەئێستادا مۆڵەتی دروستکردنی کارگەیەکی جیپسی پەتاتەو فنگری پەتاتەم لایە مامەڵەم ڕاگرتووەو داوا دەکەم لەگەڵ جوتیاران ڕێکبکەوێت، ئەمە وەک ئەرکی خۆمان کردومانەو خۆشبەختانە وەبەرهێنەرانیش ڕازین بەداواکارییەکەمان، ئێمە چاودێر دەبین لەڕێکەوتنی نێوان جوتیارانو خاوەنکاران، تەنها داواکاریم لەلایەنە پەیوەندیدارەکان دۆزینەوەی بازاڕە بۆ بەرهەمی جوتیاران، بەبازاڕکردن گرنگترین کارەو سەرجەم کێشەکان چارەسەر دەکات، جوتیارانی کوردستان ڕودەکەنە گەنم لەبەرئەوەی وەزارەتی بازرگانی عێراق وەریدەگرێت، کە دواکاریمان پێشکەش کردوە جۆو گەنمەشامیش وەربگرن".

> زۆربەی بەرهەمی گەرمیان لەناوەڕاستو باشوری عێراق ساغ دەکرێتەوە



# "زۆرترین ڕێژەی ئاژەڵدار لەسنوری پارێزگای سلێمانی لەدەڤەری ڕاپەڕینو بتوێنو پشدەرە"

**ئا: زریان محەمەد**

**بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی ڕاپەڕین، خالید ئەحمەد لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" داوادەکات وەبەرهێنەران ڕوو لەناوچەکەیان بکەن بۆ وەبەرهێنان لەسێکتەری کشتوکاڵیداو پشتیوانیان دەکرێت، ئەو دەڵێت "بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ لەدەڤەری ڕاپەڕین حکومەت پێویستە هاوکاری جوتیاران بکات".**

**بازرگانیو پیشەسازی:** بەگشتی ڕەوشی کشتوکاڵ لەدەڤەری ڕاپەڕین لەچ ئاستێکدایە؟

**خالید ئەحمەد:** ڕەوشی کشتوکاڵ لەدەڤەری ڕاپەڕین بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی باشەو هەموان قۆڵمان لێهەڵکردووە لەخەمی کەرتی کشتوکاڵداینو شەوو ڕۆژمان خستۆتە سەریەک بۆ ئەوەی بتوانین خزمەت بەجوتیارانی ناوچەکە بکەین بەشێوەیەکی زانستیانەو پێشکەوتوانەی سەردەم لەم کەرتەدا.

**بازرگانیو پیشەسازی:** گرنگترین ئەو بەروبومانەی لەناوچەکەدا بەرهەم دێن چین؟

**خالید ئەحمەد:** ناوچەکەمان بەشێوەیەکی گشتی گونجاوە بۆ تەواوی بەروبومە کشتوکاڵیەکان، دانەوێڵەو بەروبومی باخداریو کەرتی پەلەوەرو ئاژەڵداری، بەرهەمی باشمان هەیە ساڵانە لەتەواوی بوارەکاندا بەشێوەیەکی باش لەبازاڕەکانی ناوخۆدا ساغ دەکرێنەوە.

بازرگانیو پیشەسازی: بەرهەمی گەنم لەمساڵدا لەچ ئاستێکدا بوو بڕی وەرگرتنی گەنم ئەمساڵ چەند بووە لەجوتیاران، چارەسەر بۆ گرفتی ئەو جوتیارانە هەیە کە گەنمیان لێوەرناگیرێت؟

**خالید ئەحمەد:** ئەمساڵ بۆ هەر دۆنمێک لەچاندنی گەنم لەناوچەکەماندا سەرو یەک تۆن بڕشت بەرهەمهێنان هەبووە، کە ڕێژەیەکی زۆر باشە، پرۆسەی وەرگرتنی گەنمی جوتیاران گرفتی زۆری تیایە، پرۆسەکە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی حکومەتی فیدراڵی بەڕێوە دەبرێت کە بڕیاربوو لەدوای وەرزی چاندنەوە لەپایزدا دەستپێدەکات، هەموو بڕی بەرهەمهێنانی گەنم وەربگیرێت، بەڵام بەداخەوە پێش وەرگرتنی گەنم حکومەتی عێراقی بڕیاریدا کە ٣٧٥ هەزار تۆن گەنم وەربگرێت، بەڵام بەهەوڵی هەموو لایەک ئەم بڕە ڕەتکرایەوەو هەوڵدرا زیادبکرێت، وەزیری کشتوکاڵی هەرێم بەردەوام لەسەر خەت بووە لەگەڵ ئێمەو بەغدا تا ڕێژەکە زیاد بکرێت بۆ ٥٠٠ هەزار تۆن. کە سنوری ڕاپەڕین بۆ هەر دۆنمێک ١٧٨ کیلۆی بەردەکەوێت، بەداخەوە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر کەمە، چونکە بڕێکی زۆر گەنمی بەرهەم هێنراومان هەیە کە بەپێی پشبینیکراو نزیکەی ٦٠ هەزار تۆن بەرهەمی گەنمان دەبێت، ئەو بڕەی دەمێنێتەوەو لەجوتیاران وەرناگیرێت، بەداخەوە جوتیاران دەبێت لەبازاڕدا بەنرخێکی کەمتر بیفرۆشن، هەوڵەکانیش بەردەوامە بۆ ئەوەی ئەو بڕەی دەمێنێتەوە وەربگیرێت، ئێمە پشتگیری جوتیاران دەکەین بۆ ئەو بڕەی کە هەیە وەربگیرێت لەسایلۆکان کە بۆ ئەمساڵ هەرتۆنێک بڕی ٨٥٠ هەزار دینار دەدرێت بەجوتیاران کە ئەمەش بڕێکی باشە، بەڵام گرفتی کەمی وەرگرتن هەیە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** کێشەو گرفتەکانی بەردەم کەرتی کشتوکاڵو جوتیاران لەدەڤەرەکەتان چییە؟

**خالید ئەحمەد:** بێگومان گرفت لەبەردەم کەرتی کشتوکاڵی زۆرە وەک نەبونی پاڵپشتییەکەی باشی حکومەت بۆ دابینکردنی تەواوی پێداویستیەکانی جوتیارانو کێشەی گەورە زەویو زارە لەتەملیکو تەسوییە کردنو چەندین کێشەی دیکەوە تا یاسای چاکسازی کشتوکاڵو زەویوزار چارەسەر نەبێت بەدڵنیاییی گرفتەکانی دیکە هەر دەمێنن.

**بازرگانیو پیشەسازی:** کەرتی ئاژەڵداری لەدەڤەری ڕاپەڕین لە چ ئاستێکدایە؟ تاچەند گرنگی بەم کەرتە دراوە؟

**خالید ئەحمەد:** کەرتی ئاژەڵداری لەناوچەکەماند بێ کەموکوڕی نییە، بەڵام خەڵک دەستبەرداری نەبووەو بەردەوامن لەسەر بەخێوکردنو گرنگیدان بەئاژەڵداریو زۆرترین ڕێژەی ئاژەڵیش لەسنوری پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە دەڤەری ڕاپەڕینو بتوێنو پشدەرەوە، جوتیاران بەردەوامن لەبەخێوکردنو زیادکردنی کەرتی ئاژەڵ لەناوچەکەمانداو درێغییان نەکردووە، بەڵام پێویستیان بەهاوکاری هەیە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** سامانی ماسی لەدەڤەرەکەتان تا چەند گرنگی پێدراوە؟

**خالید ئەحمەد:** سامانی ماسی زۆر زۆر باشە، ٥٢٠ حەوزی بەخێوکردنی ماسیمان هەیە، هەندێکی مۆڵەتیان هەیە هەندێکیشیان خەڵک خۆیان کردویانە بەسەرچاوەی داهاتو بژێوی ژیانیانو وەک سەرچاوەیەکی ئابوری سەیری دەکەن گرنگی زۆری پێدراوەو هەموو جۆرەکانی ماسی لەخۆ دەگرێت.

**بازرگانیو پیشەسازی:** گرنگترین ئەو پرۆژانە چین کە بۆ دەڤەرەکەتان گرنگە تا کەرتی کشتوکاڵی گرنگی زیاتری پێبدرێت؟

**خالید ئەحمەد:** بۆ دەڤەری ڕاپەڕین هەموو پرۆژەکان گرنگن، دیارە لەئێستدا هاوڵاتیەک لەناوچەکەماندا سەرقاڵی وشککردنەوەی گەنمەشامییە کە ئەمە پرۆژەیەکی زۆر باشەو پرۆژەی هێلکەی خواردنمان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا داوامان لەوەبەرهێنەران کردووە کە ئاسانکارییان بۆ دەکەین تا ڕوو لەسنورەکەمان بکەن، کەرتی کشتوکاڵ زۆر گرنگە هیچی لەنەوت کەمتر نیە، بۆیە گرنگیپێدانی دەبێتە هۆکاری بوژادنەوەی زیاترو دەستکەوتی ئابوری باش بۆ خەڵکی کوردستانو دەستکەوتنی داهاتێکی باش، پرۆژەی بەخێوکەدنی مانگای شیرو چەوەنەری شەکر پرۆژەی باشن بۆ وەبەرهێنەران، ئێمە پشتیوانی تەواویان دەکەینو گرفتیان بۆ دروست ناکەین. هەروەها لەئێستادا بەشێکی زۆری جوتیاران داوا دەکەن حکومەت کارئاسانیو هاوکاریان بێت بۆ بەرەوپێشبردنی کاری جوتیاری تا بتواندرێت بەرهەمی زیاتر بەرهەمبهێنرێنو پشتیوانی لەبەرهەمی ناوخۆیی بکرێت.



جوتیاران دەستبەرداری ئاژەڵداری نەبوون

> ناوچەکەمان بەشێوەیەکی گشتی گونجاوە بۆ تەواوی بەروبومە کشتوکاڵیەکان، دانەوێڵەو بەروبومی باخداریو کەرتی پەلەوەرو ئاژەڵداری

# "کوردستان دەیەوێت ببێتە پێشەنگی عێراق لەبەرهەمهێنانی ماسیدا"

**ئا:زریان محەمەد**

**داوادەکرێت سامانی ماسی لەهەرێمی کوردستان گرنگی زیاتری پێبدرێتو ببێتە پێشەنگ لەبەرهەمهێنانی ماسیدا وەک یەکێک لەسەرچاوەکانی داهات بۆ خەڵکی کوردستانو ڕێکخستنەوەی تەواو لەم کەرتەدا ئەنجام بدرێت، ئەمە لەکاتێکدایە لەباشورو ناوەڕاستی عێراق بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران حەوزەکانی ماسی پڕ کراونەتەوە.**

سەلاح مەجید ڕەسوڵ، سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی سامانی ماسی لەهەرێمی کوردستان دەربارەی ڕەوشی سامانی ماسی لەهەرێمی کوردستان بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕایگەیاند "پرۆژەکانی بەخێوکردنی ماسی لەم چەند ساڵەی دوایدا زیادیان کردووەو بەردەوامیش لەزیادبوندان، لەبەر ئەوەی زەمینەی گونجاو ڕەخساوە بۆ گەشەکردنی ئەم کەرتە، لەئێستادا بەپێی ئامارە نافەرمیەکان ٤٠٠٠ حەوزی بەخێوکردنی ماسی هەیە لەکوردستاندا".

ڕاشیگەیاند "پاش ئەوەی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی ماسی (حەوزەکان) لەباشورو ناوەڕاستی عێراق بەهۆی جێبەجێ کردنی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی فیدراڵەوە پڕ کراونەتەوە بەبیانوی نەبوونی ئاو، نایەکسانی لەدابەشکردنی ئاو بەمەبەستی ئاودێری کشتوکاڵی، ئەمە لەکاتێکدایە کە خەڵکی ئەم ناوچەیە خواستیکی زۆریان هەیە بۆ خواردنی ماسی، ئەمەش دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە بازاڕێکی گەرمی بەرهەمی ماسی بۆ تەواوی ناوچەکانی عێراق، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە پێشەنگ لەبەرهەمهێنانی ماسیدا وەک یەکێک لەسەرچاوەکانی داهات بۆ خەڵکی کوردستان پێویستە ڕێکخستنەوەی تەواو لەم کەرتەدا ئەنجام بدرێت".

> لەئێستادا بەپێی ئامارە نافەرمیەکان ٤٠٠٠ حەوزی بەخێوکردنی ماسی هەیە لەکوردستاندا



پێویستمان بەدروستکردنی بازاڕی هاوچەرخی ماسی هەیە

ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرۆکی کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ بەرهەمهێنەرانی ماسی لەعێراق ڕایگەیاندوە "بەهۆی بڕیارێکی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو، نرخی ماسی بەرزبووەتەوەو پێشبینیدەکرێت بگاتە ١٥ هەزار دینار بەهۆی بڕیارێکی وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاوی عێراق بۆ ڕووخاندنی حەوزەکانی بەخێوکردنی ماسی کە لەسەر ڕووبارەکان دروستکراون.لەبەرئەوەی ئەو حەوزانە زیان بەسامانی ئاو دەگەیەنن لەناوەڕاستو باشوری عێراق. بەپێی ئەو ئامارانەی بڵاودەبنەوە پێشتر ئەو حەوزانە ساڵانە نزیکەی یەک ملیۆن تۆن بەرهەمی ماسییان هەبووە، ئێستا بۆ ٤٠٠ هەزار تۆن کەمبووەتەوە.

لەبارەی ڕێکخستنەوەی سامانی ماسی لەکوردستان ، سەلاح مەجید ڕەسوڵ، سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی سامانی ماسی لەهەرێمی کوردستان وتی "پێویستە ڕوپێویەکی تەواو بۆ سەرجەم پرۆژەکانی بەخیوکردن لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامبدرێت بۆ زانینی ئاستی بەرهەمهێنان لەکوردستانداو هانی سەرمایەداران بدرێت ڕووبکەنە ئەم کەرتەو پرۆژەی گەورەو ستراتیجی دروستبکەنو کار بکرێت بۆ دۆزینەوەی بازاڕ لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەکاتی پێگەیشتنی بەرهەمی حەوزەکان بەدرێژایی وەرزەکانی پایزو زستان کە بەرهەمی خۆماڵی زیاد لەپێویستی ناوخۆیە".

وتیشی" پێویستمان بەدروستکردنی بازاری هاوچەرخی ماسی هەیە بەتایبەتی لەو ناوچانەی بەرهەمی ماسییان تێدایەو گرنگیدان بەسیستەمی مۆدرێن لەبەرهەمهێنانی ماسیدا بەتایبەتی داخراوو پێویستە کار بکرێت بۆ پێگەیاندنی کادری پراکتیکیو پسپۆری سامانی ماسی چونکە پێویستە هاوتەریب لەگەڵ گەشەی ئەم کەرتەدا کادری مەیدانی بەتوانا پێبگەیەنین".

سەرۆکی کۆمەڵەی گەشەپێدانی سامانی ماسی ئاماژەی بەوەشدا پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگی زیاتر بەکردنەوەی خولی ڕێنمایی بەردەوام بدەن بۆ خاوەن پرۆژەکانی بەخێوکردن بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوونیان بەزانستی بەخێوکردنی ماسیو زاڵبوون بەسەر کێشەو گرفتەکانی بەرهەمهێنان. لەبەرئەوەی لەئێستادا بەشێکی زۆری هاوڵاتیان خواستیان لەسەر خواردنی ماسی زیادی کردووە، بەمەش پرۆژەی حەوزی ماسی زیادی کردووەو خاوەن پرۆژەکانیش لەبەرهەمهێنانی ماسی بەردەوامن.



# وەزارەتی دارایی: لەماوەی سێ ساڵدا یەک ترلیۆن دینار بۆ داهاتی ناوخۆ زیادکراوە

**ئا: زریان محەمەد**

**بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هونەر جەمال لەم گفتوگۆیەدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" دەڵێت "لەماوەی سێ ساڵدا توانراوە بڕی یەک ترلیۆن دینار لەناوخۆدا بۆ داهاتی حکومەتی هەرێم زیاد بکرێت".**

**بازرگانیو پیشەسازی:** ڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستانو عێراق، کێشەی دابین کردنی موچەی فەرمانبەرانی کوردستان چارەسەر دەکات مانگانە لەکاتی خۆیدا؟

**هونەر جەمال:** موچەی فەرمانبەران ئەوەی لەبودجەدا جێگیر کراوە ئەگەر کێشەی سیاسی نەیەتە پێشەوە تارادەیەک بۆ فەرمانبەرانو خانەنشینانو پێشمەرگە ئەو پارەی دانراوە نزیکەی ٩٠٠ ملیار دینارە کەمێکی دەمێنێتەوە بۆ تەواوکردنی موچە، ئەوەش دەتوانین بەداهاتی ناوخۆ دابینی بکەین بۆ موچە، بەڵام لەناو یاسای بودجەی عێراقدا کۆمەڵێک مەرجو داواکاری لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، وەک وەزارەتی دارایی ئێمە هەموو ئامادەکارییەکمان کردووە لەوانە دوبارە چاوخشاندنەوە بەبودجەی مانگانەی داهاتە فیدراڵیەکانو ئەو ٤٠٠ هەزار بەرمیلەی پێویستە مانگانە بدرێت بەعێراق.

**بازرگانیو پیشەسازی:** ئەو ڕێککەوتنە چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر بوژانەوەی ئابوریو ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان؟

**هونەر جەمال:** ڕێکەوتنەکە بووە بەیاسای بودجە کە لەچەند ماددەیەکدا بەشی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە، هەرچەندە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بەوەبەرهێنانەوە پشکی هەرێمی کوردستان دیاریکراوە چاوەڕێین بزانین لەکاتی جێبەجێکردنی بودجەدا تاچەند ئەو بڕە پارەیەی دیاریکراوە بۆ سێکتەرە جیاوازەکان وەک خۆی دەگات، ئەگەر کێشەی سیاسی لەپەرلەمان بۆ دروست نەبێت لەمەسەلەی نەوتدا ئەوا بەدڵنیاییەوە کاریگەری دەبێت لەسەر بوژاندنەوەی ئابوریو ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان.

**بازرگانیو پیشەسازی:** لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا گەورەترین کێشەو ڕێگرییەکان چی بوون کە ڕوبەڕوی وەزارەتی دارایی بوونەتەوە؟

**هونەر جەمال:** کێشەی سیاسی هەبوو، کۆرۆنا هەبوو، دابەزینی نرخی نەوت، ناسەقامگیری نرخی دۆلارو کۆمەڵێک گرفتی دیکە کە ڕوبەڕوی وەزارەتی دارایی بونەتەوە، بەڵام وەزارەت بەپێی ئەو توانایەی لەبەردەستیدابووە توانیویەتی چاکسازی لەکۆمەڵێک سێکتەری جیاوازدا بکات لەوانە باجو خاڵە سنوریەکانو کەرتی بانکی، کۆمەڵێک هەنگاوی باش نراوە تواندراوە داهاتی ناوخۆ زیاد بکرێت لەنێوان ساڵانی ٢٠١٩ بۆ ٢٠٢٢ تواندراوە یەک ترلیۆن دینار داهاتی ناوخۆ زیاد بکات کە بەشی زۆری بۆ موچە تەرخانکراوە، لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٢١ تا ناوەڕاستی ٢٠٢٣ تواندراوە ٢٤ موچە دابەشبکرێت بەبێ لێبڕین لەکاتێکدا تاپێش وەستانی نەوت نزیکەی هەشت جار پارە لەبەغداوە بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە، ئەوەی تری لەداهاتی ناوخۆو نەوت دابینکراوە.

**بازرگانیو پیشەسازی:** دەمێکە باس لەچاککردنی سیستەمی بانکی دەکرێت، ئایا وادەیەک دیاریکراوە بۆ بەدیجیتال کردنی بانکەکانی کوردستان؟

**هونەر جەمال:** لەسیستەمی بانکیدا هەنگاوی باش نراوە کە لە٢٠٪ بانکەکانمان بونەتە دجیتاڵیو بەیەکەوە بەستراونەتەوەوە ئێستا پلانمان هەیە بۆ ئەوەی کە لەئایندەیەکی نزیکدا بانکی نیشتمان بکرێتەوە هاوشێوەی لقێکی بانکی مەرکەزی دەبێت لەهەرێمی کوردستان، کە دەسەڵاتی دەبێت بۆ ڕێکخستنەوەی بانکەکان، هەم بۆ پێدانی قەرزو سلفە بۆ هاوڵاتیان، کە کۆمەڵێک گۆڕانکاری باش لەسیستەمی بانکی ڕودەدات بەکردنەوەی ئەو بانکە، بۆیە چاوەڕێی ڕەزامەندی کۆتایین لەئەنجومەنی وەزیرانی عێراقو بانکی مەرکەزی عێراق، پاشان لەهەرێمی کوردستان دەستبەکار دەبێت، بەکردنەوەی ئەم بانکە کەرتی بانکی لە هەرێمی کوردستان هەنگاوی باش دەنێت.

> خەڵکێکی زۆر باجیان نەداوە خۆیان دزیوەتەوە لەباج، بەڵام لەئێستادا ڕێوشوێنەکانی وەرگرتنی باج توندتر کراوەتەوە، خەڵک هەیە دە ساڵە باجی نەداوە ئێستا لەسەری کۆبۆتەوە

**بازرگانیو پیشەسازی:** زۆربەی کاسبکارو کۆمپانیاکان سکاڵای ئەوەیانە کە وەزارەتی داراییی لەم کابینەیەدا میکانیزمی وەرگرتنی زەریبەو ڕسوماتو گومرگی دەستکاری کردووەو هەموو ئەمانە بەڕێژەیەکی بەرچاو زیادیان کردووە، ئێوە ڕونکردنەوەتان چییە؟

**هونەر جەمال:** ئێمە تەنها باجمان ڕێکخستۆتەوە باج بەیاسا زیاد دەکرێت، لەماوەی ڕابردودا خەڵکێکی زۆر باجیان نەداوە خۆیان دزیوەتەوە لەباج، بەڵام لەئێستادا ڕێوشوێنەکانی وەرگرتنی باج توندتر کراوەتەوە، خەڵک هەیە دە ساڵە باجی نەداوە ئێستا لەسەری کۆبۆتەوە ئێمە کارئاسانیمان کردووە توانیومانە بەشێکی زۆر لەو باجانە خۆشبین کە لەسەر باجدەرەکان کەڵەکە بوون، داهاتی باج ساڵانە ئێمە لە٨٠٪ لەنزیکەی هەزار گەورە کۆمپانیاو باجدەر وەر دەگرین، لە٢٠٪کەی لە دوو ملیۆن کاسبکارو باجدەری ئاسایی وەردەگیرێت، واتە زۆرترین دابینکردنی باج لەکۆمپانیایا گەورەکان وەر دەگیرێت، لەئێستاشدا سەرقاڵی دامەزراندنی سیستمی ئەلکترۆنین بۆ باج، بەتایبەتی بۆ ڕێستۆرانتو ئوتێلو چێشتخانەکانو نەخۆشخانە ئەهلیەکان بۆ ئەوەی بتوانین ئەوڕێژەیەی ١٠٪یە بەتەواوەتی بگاتەوە دەست حکومەتو خەزێنەی گشتی.

**بازرگانیو پیشەسازی:** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە وەزارەتی داراییی بۆ دابینکردنی داهات زیاتر چاوی لەدەستی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەو وەک سەر بەو وەزارەتە سەیر دەکرێت، ئەمە بۆچی؟

**هونەر جەمال:** پێش ئەم کابینەیە دیارە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان خۆی تەمویلی وەزارەتەکانی دەکرد، بەڵام لەم کابینەیە گۆڕانکاریمان لەوەدا کرد داهاتی نەوت لەدوای لێدەرکردنی خەرجیو مەسروفاتەکان ئەو بڕە پارەیەی دەهاتە وەزارەتی دارایی نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلار بوو، مانگانە ٧٤٠ ملیار دیناری دەکرد، ئەوکات کە تێکڕا بۆ موچە تەرخان دەکرا، بەڵام لەدوای ڕاوەستانی هەناردە کردنی نەوتی هەرێم چاوەڕێین مانگانە لەبەغداوە بودجەو پشکی هەرێمی کوردستان بێت.

**بازرگانیو پیشەسازی:** دابەزینی داهاتی مەرزی باشماخو پەروێزخان لەسنوری پارێزگای سلێمانی بۆچی دەگێڕنەوە؟

**هونەر جەمال:** لەئێستادا داهاتی مەرزی پەروێزخان باشە کۆمەڵێک گۆڕانکاریو چاکسازی ئیداری کراوە لەڕوی کارئاسانی بۆ بازرگانانو شۆفێرو بارهەڵگرەکان، لەمەرزی نێودەوڵەتی باشماخ کۆمەڵێک کێشە هەیە بەرەو چارەسەر کردن چوون لەهەردوو مەرزەکە قۆرغکاری نەماوە، پێداچونەوە بەگرێبەستی کۆمپانیاکان کراوە، پشکی وەزارەتو حکومەت لەداهاتەکان زیادکراوە، بەردەوامین لەچاکسازیو بەرەو پێشبردنی خاڵە سنوریەکان. لەهەمانکاتدا سیستمی چاودێری گومرگی دانراوە، هەم دەروازەکانمان بەسیستمی ئەلکترۆنی ٢٤ کاتژمێری بەکامێرا بەستۆتەوە بەوەزارەت، تا باشترین خزمەتگوزاری پێشکەشی بازرگانان بکەینو داهات زیاد بکەین.

# کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکان یاداشتنامەیەک ئاڕاستەی جێگری سەرۆکی حکومەت دەکەن

**ئا: زریان محەمەد**

**سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکانی کوردستان یاداشتنامەیەکی نارەزایی ئاراستەی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن دەربارەی ئەو کێشەو گرفتانەی لەسنوری پارێزگای سلێمانی ڕوبەڕوی میوانخانەو چێشتخانە و ڕێستۆرانتەکان بۆتەوە تابتوانن بەزوویی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوەو بەرەو داخستن نەڕۆن.**

خاوەنی ڕێستۆرانت و میوانخانەکان لەشاری سلێمانی ساڵانە ڕوبەڕوی کۆمەڵێک کێشەو گرفت دەبنەوە کە بۆتە هۆی خاوبونەوەی کارەکانیانو هەندێکجار داخستنیان لەئێستاشدا داوادەکەن لایەنە پەیوەندیدارەکان کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان تا ئەم کەرتە بەرەو لەناوچون نەڕوات.

دانا سەلاح، خاوەنی یەکێک لەڕێستۆرانتەکان لەشاری سلێمانی بۆ ڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" وتی "ئێمە ساڵانە هەڵدەستین بەتازەکردنەوەی مۆڵەت بۆ ئەمساڵ پارەیەکی زۆرمان لێوەرگیراوە تەنها بۆ گەشتوگوزار نزیکەی دوو ملیۆن دینارمان داوەو بۆ بەڕێوەبەرایەتی باج بۆ ئەو کەسەی مۆڵەتەکەی بەناوەوەیە زیاتر لەدوو ملیۆن وەردەگرن، ئەم پارانە یەکجار زۆرن بۆ ڕێستۆرانتێک، کە لەئێستاشدا خاوبونەوەیەکی زۆر لەبازاڕدا هەیەو ئێمە کرێکاری زۆرمان هەیەو دەبێت مانگانە لەکاتی خۆیدا پارەی مانگانەیان بۆ بدەین".

وتیشی "لەئێستا بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کاری کردووە بۆ ئەوەی کرێکاری ڕێستۆرانتەکان تۆمار بکرێتو مانگانە پارەی زەمانیان بۆ بدرێت، ئێمە لاریمان نیە لەوە کە ئەو کارە بۆ کرێکارەکانمان بکرێت، بەڵام هەموان دەزانن کە کرێکار لەلای ئێمە زۆر نامێنێتەوە دوای ماوەیەک کە بێزار دەبێت لەکارکردن شوێنەکە بەجێدەهێڵێتو ئێمەش ناتوانین بەردەوام پارەی بۆ بدەینو هەمیشە ڕوبکەینە زەمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کرێکارەکان، بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی گونجاوتر کار بۆ ئەوە بکرێتو ئاسانکاری لەو بەشەدا بکرێت".

کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکانی سلێمانی نیگەرانن لەو کێشانەی کە لەشاری سلێمانی هەیە، بۆیە چەند داواکاریەکیان بەرزکردۆتەوە بۆ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا هەوڵ بدریت چارەسەریان بۆ بکرێت.

مەحمود تۆفیق عەزیز، سەرۆکی لقی سلێمانی کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکانی کوردستان بەڕۆژنامەی "بازرگانو پیشەسازی" وت "یاداشتێکمان ئاراستەی بەڕێز قوباد تاڵەبانی کردووە جێگری سەرۆکی حکومەتی هەریمی کوردستان کەتیایدا ئاماژەمان بەچەند خاڵێک داوە بەمەبەستی چارەسەرکردن".

لەیاداشتنامەکەدا بەچەند خاڵێک ئاماژە بەگرفتو کێشەکانیان کراوە، وەک "١- کێشەی کارەبا : کێشەیەکی گەورەیە زۆرینەمان کرێ ی کارەبای نیشتمانی بارگرانیەکی تەواوی بۆ دروست کردووین دووچاری داخستنی بنکەکانمان بوینەتەوە، چارەسەری گونجاو لەڕێی کەم کردنەوە کرێی کارەبای نیشتمانی دەبێت لە (١٥٧) دینارەوە بۆ ئەو کرێیەی کە لە شوێنە نیشتەجێ یەکان وەردەگیرێت.

٢- دەرهێنانی مۆڵەتی گەشتیاری وتەندروستی : کاتێکی زۆر دەخایەنێت بە هۆی کێشەی دانی باجو رسوماتی ئاو کە لە بنکەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێتو چارەسەری گونجاویش بۆ ئەم حاڵەتە پێدانەوەی مۆڵەتەکانە لەهەردوو بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشتوگوزارو تەندروستی.

٣ - دەستەبەری کۆمەڵایەتی :هاوکاریکردنمان بەگوێرتنو چارەسەری گونجاو لەو کێشانەی کە چارەسەریان گەشتۆتە بنبەست لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکان پارێزگاکانەوە،ئەویش لەڕێگەی خودی جەنابی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی یان لیژنەیەک کە بەڕێزیان پێکیدەهێنێت بۆ ئەم مەبەستە.

٤- باج:

ا- باجی خانووبەرە: هەروەک ئاشکرایە باجی خانووبەرەمان لێوەردەگیرێت لەسەر بنەمای کرێی ئەو بنکەیە لەساڵێکدا کە لەلایەک زۆرینەی خاوەنی بنکە گەشتیاریەکان خۆیان بنکەکان بەڕێوەدەبەن و نەیانداوەتەوە بەکرێ. هەروەها ئەو باجەی وەردەگیرێت لەم دۆخەدا لەسەر بنەمای داهاتی بنکەی گەشتیاریەکە وەردەگیرێت لە ماوەی ساڵێکدا کە دیسان خاوەن بنکە گەشتیاریەکە کە لە داهاتی ئەو بنکە گەشتیاریە لە ساڵێکدا باجی دەرامەتی لێدەدات.

ب- (١٠ ٪) باجی فرۆشراوەکان : لەبەرئەوەی باجی فرۆشراوەکان بەڕێژەی (١٠٪) بە تەنها لەسەر بنکە گەشتیاریەکانی (٤ و ٥) ئەستێرە دانراوە کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر فرۆشراوەکانمان کردووە ،بۆیە لەپێناو چەسپاندنی دادپەروەری داواکارین بەکەمکردنەوەی ئەم ڕێژەیە لە (١٠٪) و بۆ (٥٪) هەروەها شمولکردنی بنکە گەشتیاریەکانی (١ تا ٣) ئەستێرە بەو باجی فرۆشراوە و هەریەکە ڕێژەی باجی فرۆشراوەکەی بەپێی نمرەی ئەستێرەی بنکە گەشتیاریەکەی .

هەروەها لەیاداشتەکەدا هاتووە "ئەمەی سەرەوە کورتەی داواکاری نیگەرانیو کێشەی چارەسەری پێشنیاکرابوون، ئێمەش هەمیشە پاڵپشتی خۆمان بۆ حکومەت دەردەبڕینو بەنوێنەرو هاوخەمی نیگەرانیەکانی خۆمانی دەزانینو بەڵێن دەدەین ببینە سێکتەرێکی جێگرەوەی داهاتە نەوت لەهەرێم ببینە لایەنی دووەمی داهات بۆ حکومەت، بەڵام بۆ هاتنە کایەی ئەم دۆخە هەر بەتەنیا بەئێمە ناکرێت ئەگەر لایەنی حکومەتیش نەیەت بەدەم داواکاریو نیگەرانیەکانمان بەهەند وەرنەگرێت، دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین کە داهاتێکی لەسەرخۆ، بەڵام بەردەوام باشترە لەداهاتێکی زۆر بەڵام کاتی، هەروەها کەرتی گەشتیاری ئابووریەکی بێ دوکەڵە هەموان سوودمەند دەبن لێی لەبازاڕو پیشەوەرو دەستگێڕو مۆزەخانەو سەیرانگاکانو مۆڵو هۆتێلو مۆتێلەکانیش".

# هەنگ، مێرووە زێڕینەکە

ئا: ڕێژەن سەردار

**پرۆفیسۆرێکی یاریدەدەر ئاماژە بەوە دەکات کە هەنگ، مێروویەکی زێڕینە لەبەرئەوەی ئەو ئەقڵەی هەنگ هەیەتی هیچ مێرووێکی دیکە نیەتی، ئەو دەڵێت "هەنگ بەس هەنگوین بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو هەڵاڵەو کورە و خواردنی شاژنو پورە بەرهەمدەهێنێتو ئەتوانرێت بفرۆشرێت، ژەهرەکەی چەند بەئازارە کە پێتەوە دەدات بەسوودە".**

د.ئەحمەد حەمەئەمین، مامۆستای زانکۆی خانەنشینو پرۆفیسۆری یاریدەدەر کە کتێبێکی ناوازەی لەسەر هەنگو چۆنیەتی بەخێوکردنی هەنگو سوودەکانی هەنگوین بڵاوکردوەتەوە بەناوی "هەنگ، مێرووە زێڕینەکە"، سەبارەت بەخولیاو بایەخدانی بەردەوامی بەهەنگ، بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند کە لەساڵی ١٩٧٧ بەپلەی شەشەم لەبەشی کشتوکاڵی زانکۆی سلێمانی دەرچووە، هەر لەوێ دامەزراوەتەوە وەک یاریدەدەری تاقیگە، ئەو وتی "ئەوکات "لەبەشی باخداریو مێروەکان کارمەندیان کەم بوو، من چوومە ئەوێو دواتر لەوڵاتی ئوستورالیا ماستەرم تەواو کرد، تاکو ئێستا کە دوای ٤٦ ساڵ خزمەت کردن، خانەنشین بووم، دانەبڕاومو حەزم لەهەنگ بووەو وانەی هەنگم وتوەتەوە تاکو چوار ساڵ لەمەوبەر لەبەشی کستوکاڵی پەیمانگای کشتوکاڵی بەکرەجۆ، شەش مانگ پێش ئێستاش لەڕێورەسمێکی شایستەدا بە بەشداری ٣٠٠ کەس کتێبێکی ٢٤٠ لاپەڕەیم لەژێر ناوی (هەنگ مێروە زێڕینەکە) بڵاوکردەوە، کە باسی ڕەگەزەکانی هەنگو ژیانی هەنگو کورەی هەنگو بەرهەمەکانی هەنگو جۆرەکانی هەنگوینو نرخی هەنگوین لەسەر ئاستی جیهان لەخۆدەگرێت".

وتیشی "من کاتی خۆی کە لەبەشی کشتوکاڵ وانەم دەوتەوە هەفتەی دوو کاتژمێر تیۆری بوو لەگەڵ ٣ کاتژمێر مەیدانی، خوێندکارانمان دەبردە لای هەنگەوانان، سیروان ماوەتی یەکێک لەهەنگەوانە دیارەکانی پارێزگای سلێمانییە، هەموو جارێک شانەیەکی هەنگی لەسەبەتەوە بەکرداری دەگوازتەوە بۆ ناو سندوقو خوێندکاران زۆر سوودیان لێوەردەگرت، خۆشبەختانە خوێندکاران حەزو خولیایەکی زۆریان هەیە، دوای وەرگرتنی چەند وانەیەکی سەرەتایی چەندین خوێندکار سندوقیان دەکڕی بۆ ئەوەی هەنگ بەخێو بکەن لەماڵەوە، من خۆم بەم شێوەیە دەستمپێکردو بووم بەهەنگەوان لەماڵەکەی خۆم لەسلێمانی سێ سندوق هەنگم هەیە، لەدرەوەی شاریش ١٥ سندوقمان هەیە، لەکوردستان ئاستی زانست زۆر دابەزیوە، بەڵام ئێمە بەکرداری بابەتەکانمان فێری خوێندکاران دەکرد، ئەمەش زۆر گرنگترە لەبابەتی تیۆریی".

سەبارەت بەهۆکاری ئەوەش کە هەنگی بەمێروویەکی زێرین ناوبردوە، د.ئەحمەد حەمەئەمین وتی "لەبەرئەوەی ئەو ئەقڵەی هەنگ هەیەتی هیچ مێرووێکی دیکە نیەتی، هەنگ بەس هەنگوین بەرهەم ناهێنێت بەڵکو هەڵاڵەو کورە و خواردنی شاژنو پورە ئەداو ئەتوانرێت بفرۆشرێت، ژەهرەکەی چەند بەئازارە کە پێتەوە دەدات بەسوودە، هەنگەوانان کە زۆر هەنگ پێیانەوە دەدات سیستەمی بەرگری لەشیان بەرامبەر بەنەخۆشیە درێژخایەنەکان بەهێز دەبێت".

ئەم شارەزایەی بواری هەنگ ئەوە ڕووندەکاتەوە کە ساڵانە بڕی بەرهەمی هەنگوین لەکوردستاندا دەگۆڕێت، ئەگەر کەشوهەوا لەبار بێتو گوڵو گوڵزار زۆر بێت بەرهەمی هەنگوین زۆر دەبێت، ئەگەر گەرما یان بارانی زۆر بێت هەنگوین کەم دەبێتەوە، ئەو وتی "ئەمساڵ لەمانگی پێنجدا بارانێکی زۆر باری کە گەورەترین زیانی لەبڕی هەنگوین دا لەبەرئەوەی شیلەی گوڵەکانی شۆردەوە، ساڵی ڕابردوو بەرهەمی هەنگوین زۆر باش بوو لەپارێزگای سلێمانی بڕی ٦٠٠ بۆ ٨٠٠ تەن هەنگوین بەرهەم هات"..

وتیشی "ڕۆژ بەڕۆژ ژمارەی هەنگەوانان زیاد دەکات، لەبەشە کشتوکاڵییەکان خوێندکاران هێشتا خوێندنیان تەواو نەکردووە دێن بۆ لامو دەڵێن دکتۆر سندوقێکمان کڕیوە دەمانەوێت هەنگ بەخێو بکەین، ئەمە خولیاو ئارەزووە، بەشێکی نوێ لەپەیمانگای کشتوکاڵی بەکرەجۆ کراوەتەوە بەناوی زانستی هەنگ، ئەمساڵ ٥٠ بۆ ٦٠ خوێندکار وەردەگرێت".

دەربارەی نرخی هەنگوینیش ئاماژە بەوە دەکات کە نرخی هەنگوین بەپێی جۆرو کوالێتیو ڕەنگو تامو بۆنەکەی دەگۆڕێت، ئەو وتی "لەبەشێک لەوڵاتان نرخی کیلۆیەک هەنگوین دەگاتە ١٠ هەزار دۆلار، بەهۆی جۆری ئەو گوڵانەوە کە هەنگوینەکەی لێبەرهەم دێت، بۆ نمونە لەتورکیا لەسەر دەریاچەی قەزوین گوڵی سەنتۆریا هەیە هەنگ بەوە بەخێو دەکەن بۆ هەنگوینەکەی چاکو دەگمەنەو نرخەکەی زۆر بەرزە".

سەبارەت بەچۆنیەتی جیاکردنەوەی هەنگوینی کوالێتی بەرز لەهەنگوینی کوالێتی نزم، د.ئەحمەد حەمەئەمین وتی "تازە تاقیگەیەک لەسلێمانی کراوەتەوە، دەبێت هەنگوین پشکنینی تاقیگەی بۆ بکرێت تاکو بزانرێت ئەسڵە یان ساختە ئەمە تاکە ڕێگەی زانستییە، بەڵام چەند ڕێگەیەکی نازانستیش هەیە کە هاوڵاتییان لەکاتی کڕینی هەنگوین دەتوانن سوودی لێوەربگرن، بۆنو تامی هەنگوینی ئەسڵی جیاوازە ئەگەر هەنگوینەکە ساختە بێت بەکەوچکە چایەک لێیبخۆ لەژێر زمانت هەست بەزبری شەکر دەکەیت، بەکەوچکێک هەنگوینەکە بەرز بکەرەوە ئەگەر دەزوی کردو نەپچڕا ئەوە ئەسڵیەو هەنگوینی چاکە، ڕەنگەکە ڕەش بێت هەنگوینی ئەسڵو چاکە، هەنگوین نەخرێتە سەلاجەوە، باشترە بیکەیتە شوشەوە باشترە لەپلاستیکو فافۆن، بەڵام سەرەکەی قەبات بێتو هەوا نەدات".

دەربارەی کوالێتی هەنگوینی کوردستانیش، ئەو وتی "کۆتایی ساڵی ڕابردوو ویستمان بچینە فەرەنسا بۆ بەشداریکردن لەفیستیڤاڵی هەنگوین بەڵام ڤیزەیان نەداینێ، بەڵام پێشتر لەفەرەنساو لەتورکیاو لەڕوسیا هەنگوینی کوردستان بەشدار فیستیڤاڵەکانی کردووەو لەڕیزبەندی ١٠ باشترین جۆری هەنگویندایە، بەڵام بەداخەوە بەرهەمی ناوخۆ نانێرێتە دەرەوەو وەزارەتی کشتوکاڵو بازرگانی لەم بوارەدا کەمتەرخەمە".



بەرهەمی هەنگوینی ساڵی ڕابردووی پارێزگای سلێمانی ٦٠٠ تا ٨٠٠ تەن بووە




**ئەو ئەقڵەی هەنگ هەیەتی هیچ مێرووێکی دیکە نیەتی، هەنگ بەس هەنگوین بەرهەم ناهێنێت بەڵکو هەڵاڵەو کورە و خواردنی شاژنو پورە ئەداو ئەتوانرێت بفرۆشرێت، ژەهرەکەی چەند بەئازارە کە پێتەوە دەدات بەسوودە**



# ڕێگای گەشە: خەونێ خۆشە

سەردار عەزیز

**پرۆژەیەک لەئارادایە کە کەنداوی عەرەبی بەتورکیاوە ببەستێت لەڕێگای هێڵی شەمەندەفەرو ڕێگای خێرا. بۆ ئەم مەبەستە لە کۆشکی کۆماریی لە بەغدا کۆنفراسێکی تایبەت بەوەزیرانی گواستنەوە لەنێوان وڵاتانی کەنداوو ئوردونو تورکیادا بەسترا. ئەم ڕێگایە چەندین ناوی هەبوو، بەڵام لەدوا سەردانی محەمەد شیاع سودانی بۆ ئەنکەرە، ئەردۆگان پرۆژەکەی ناونا ڕێگای گەشە. ڕێگای گەشە ناوێکی گشتی بریقەداری بێناوەڕۆکە. هەموومان دەزانین کە گەشە بەشێکە لەخیتابی پارتی دادو گەشە پێدان. هەروەها وەک مێژوی ئەو پارتە دەریخست کە وەک جێگرەوەی دیموکراسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ئەم ڕێگایە لەچەندین ئاستدا کاریگەریی هەیە لەسەر ناوچەکەو کوردستان. لەم نوسینەدا سەرەتا باس لەواقیعی بونی ڕێگاکە دەکەین، پاشان لەئەگەری بونیدا چۆن دەبێت، ئینجا کاریگەری لەسەر کوردستان.**

لە گەڵ گەشەی چیندا دیاردەیەک هاتە ئاراوە، کە دەتوانین بەژێرخان بەرامبەر دەزگا ناوی بەرین. بەو مانایە مۆدێلی چینی، هەروەها تورکیش بەتایبەتی لەسەردەمی ئیسلامییەکاندا، خەسڵەتێک لەخۆی دەگرێت کە مۆدێلی ڕۆژئاوایی کێشەی هەیە بەدەستیەوە ئەویش ئاسانی بونیادنانی ژێرخانە. وڵاتانی وەک چینو تورکیا، کە خاوەنی تەکنەلۆجیاو دەستی هەرزانو دۆخێکی تایبەتن لەنەبونی مافی کرێکارو ئینشورانسو دڵنیایی و زۆر بواری تر وەهایکردوە کە بتوانن پرۆژەی ژێرخانی گەورە ئەنجام بدەن بەهەرزانترو خێراتر لەوڵاتانی تری ڕۆژئاوا. لەڕۆژئاوا بەهۆی بونی دەستی کاری گرانو دڵنیاییو گرانی دراوو زۆر بواری تر ئەنجامدانی کاری ژێرخانی زۆر سەخت دەکات.

ئەم ئاسانییە بۆ ژێرخان زیانێکی گەورەی داوە لەدەزگا. چونکە ئەم وڵاتانە نایانەوێت دەزگاکان دروست بن، یان خەمی دروستبونی دەزگاکانیان نیە. لای ئەم وڵاتانە، پرسی ژینگە، مافی مرۆڤ، دڵنیایی جۆریو زۆر بواری تر گرنگ نیە. هەروەها لەڕێگای ئەم پرۆژانەوە دەسەڵاتداران دەیانەوێت سۆزو سەرنجی خەڵک ڕابکێشن لەکاتێکدا مافەکانیان لێوەردەگرنەوە.

پرۆژەی گەشەی عێراق لەنێوان هەردوو چینو تورکیادایە. عێراق دەیەوێت لەهەردوو وڵات سوودمەندبێت. لەئاستێکدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە چین یان ئاسیا بەئەوروپاوە دەبەستێت، کە زۆرێک لەچاودێران وەهای دەبینن بانگەشەیەکی بێ بنەمایە. چونکە بڕی بازرگانی چینی لەگەڵ ئەوروپادا هێندە زۆرە ناتوانرێت لەڕێگای بەندەرێکی لاچەپی وەک بەندەری فاوەوە بکرێت. تەنها لەیەک ساڵدا زیاتر لەبیست ملیون حاوییە (کۆنتەینەر) لەچین دەگوێزرێتەوە بۆ ئەوروپا، جگە لەڕێساکانی قازانجو سوود، ئەو کۆمپانیایانە بەهیچ یاساو ڕێسایەکەوە پابەند نابن.

بەڵام گریمان پرۆژەکە لەئاستی پێکەوە گرێدانی ئاسیاو ئەوروپا بایەخی نیە، بەڵام لەئاستی هەرێمیدا بایەخی دەبێت. پێش ئەوەی بێین بۆ ئەم ڕەهەندە هەرێمییەی یەکێک لەڕەخنەکان ئاراستەی ئەم پرۆژەیە دەکرێت پرسی ئەنجام نەدانی جەدوایە. لەڕاستیدا پرسی ئەنجامدانی ئەم جەدوایە دراوە بەکۆمپانیایەکی زۆر بچوکی ئیتالی کە لەلایەن خێزانێکەوە بەڕێوە دەبرێت لەڕۆما. ئەم لاوازی جەدوایە وەها دەکات کە گومانی گەندەڵی یەکەم گومان بێت بەرامبەر ئەم پرۆژەیە. عێراق وەک یەکێک لەهەرە گەندەڵترین وڵاتانی دونیا زۆربەری زۆری پرۆژەکانی یان وەهمین یان سەرچاوەی گەندەڵین، بۆیە گومانی گەندەڵی دەبێت گومانی یەکەم بێت دەربارەی ئەم پرۆژەیە. ئێمە دەزانین کە هەتا پرۆژە گەورە بێت ئەگەری گەندەڵی گەورەترە. نەبونی لێکۆڵینەوەیەکی زانستیووردی ئابوریی بۆ پرۆژەکە و گوماناوی بونی کۆمپانیای لێکۆڵەر، زیاتر گومانی گەندەڵی زیاد دەکات.

کێ لەپرۆژەکە سودمەند دەبێت؟

ئەگەر ئەو ئەگەرەی کە دەڵێت بازرگانی ئاسیا بەئەوروپاوە دەبەستێت وەک خیتابێکی فریودان وەربگرین ئەوا دەبێت بیر لەڕەهەندە ئیقلیمیەکانی بکەینەوە. پرۆژەکە تورکیاو کەنداو بەیەکەوە دەبەستێت. هەردوولا چەندین کاڵایان هەیە کە دەتوانن لەگەڵ یەکتردا بیگۆڕنەوە. کەنداو کە توانای کشتوکاڵی نیەو هەروەها عێراق بەتایبەتی باشور کە توانای کشتوکاڵی نامێنێت، بە هۆی کەمیی ئاوو گۆڕانی ژینگە لەداهاتودا، ئەوا دەبنە بازاڕێکی باشی خۆراکی تورکی. ئەمە سەرباری کاڵاکانی تورکیا کە جۆریان باشترەو نرخیان کەمترە لەکاڵاکانی تر.

تورکیا پێویستی بەغازو نەوتو بەربومەکانی پیترۆکیمیاوییە کە عێراق پلانی هەیە بەرهەمیان بهێنێت. پێکەوەگرێدانی کەنداوو تورکیا لەڕێگای عێراقەوە، وەک هەوڵێک دەبینرێت بۆ دوورخستنەوەی تورکیا لەڕوسیا، کە بەلای ڕۆژئاواو هەنگاوێکی گونجاوە. تەنها بیر لەگرنگی بازاڕی ڕوسی بکەرەوە بۆ ساغکردنەوەی بەروبومی تورکی.

بۆ تورکیا هەنگاوێکی جیوپۆلەتیکی گرنگە بۆ گەیشتن بەقوڵایی عەرەبی، بەتایبەتی ئەو پانتاییەی کە وزەو پارەی زۆری تیادایە. ئەم فاکتە جیوپۆلەتیکیە هەمیشە پاڵنەرێکی تورکیا بوو بۆ ڕێگریکردن لەبەهێزبونی هەرێمو دروستبونی ڕۆژئاڤا، چونکە بونی هەرێم و ڕۆژئاڤا پێکەوە دابڕانێک لەنێوان تورکیا و قوڵایی عەرەبیدا دروست دەکات.

کەواتە پێش هەموان تورکیا سودمەندە کە کاڵاکانی بەوزە دەگۆڕێتەوە.

عێراق پلانی وەهایە کە سەد هەزار دەرفەتی کار برەخسێنێت. ئەمە هەنگاوێکی گەورەیە، بەڵام ئەم ژمارانە لەسەر هیچ بنەمایەکی زانستی پشتڕاست نەکراونەتەوە، وەک گوتمان کۆمپانیا ئیتالییەکە هەتا ئێستا تەنها لەبواری پاڵاوگەدا کاری کردوە.

ئالنگارییەکان چین؟

یەکەم، لە بەر هۆکاری ئەمنیو ڕێگرییکردن لەبوژانەوەی کوردستانی باکور هێڵی شەمەندەفەر لەناوچە کوردییەکاندا نیە یان زۆر خراپە. ئایا تورکیا چۆن ئەم پرسە چارەسەر دەکات، بەدانانی پارەزەر بۆ هێڵەکان کە تێچوی پرۆژەکە زۆر زیاتر دەکات یان پرسی کورد چارەسەر دەکات، کە لەئێستادا چاوەڕوان نەکراوە.

دووەم، لەسەرتاپای عێراق هێڵی شەمەندەفەری نوێو تایبەت بەگواستنەوەی شەمەندەفەری تەنکەریی لەگەڵ ڕێگای خێرای هاوەی بونی نیە. لەعێراقدا دروستکردنی پرۆژەکان بەپشکو پشکێنە کۆمپانیا تایبەتەکانی گروپو حیزبو میلیشیاکانە. ئەمەش کار دەکاتە سەر بڕی تێچونو جۆری پرۆژە.

سێیەم، ڕێگاکە بەهەرێمدا تێدەپەڕێت لەشاری زاخۆ بە مەودای چوار کیلۆمەتر. ئەگەر هەوڵبدرێت لەکوردستان بە دورر بگیرێت ئەوا نابێتە ڕێگایەکی ئابوری، بەڵکو دەبێت ڕێگایەکی سیاسی. لەم دۆخەدا دەبێت، بەسوریادا تێپەڕێت، هەروەها سوپای عێراقی بگاتە سەر سنور، تورکیا بێتە ناو سوریاوە، دەسەڵاتی ڕۆژئاڤا دوور بخرێتەوە، سوریا بهێنرێتە ئەو ناوچەیە.

بەڵام لەم دۆخەدا ئەمریکا نارازییە، چونکە دەبێتە هۆی شکانی ئابلۆقەی سەر ئەسەد، هەروەها دابینکردنی ئەمنی سەختتر دەبێت. هەموو ئەمانە دەرخەریی ئەوەن کە هیچ کۆمپانیایەکی گواستنەوەی جیهانیی نیە کە بیەوێت ئەم هەموو سەرکێشییە بکات. هەروەها بازاڕەکانی ئەوروپا ناتوانن پشت بەڕێگایەکی وەها ببەستن کە هێندە ڕێگرییو کێشەی هەبێت.

وەک لەکۆنگرەکەدا دەرکەوت سوریا پێداگریی دەکات لەوەی کە ئەم پرۆژەیە بۆ بەندەرەکانی ئەو بڕوات، لەم دۆخەدا تورکیا دژ دەبێتو بە هیچ جۆرێک نابێتە ڕێگایەکی جیهانیی، وەک بانگەشەی بۆ دەکەن، لەبەر دۆخی شەڕو ناسەقامگیرییو ئابلۆقەی سوریا.

ئیماراتییەکان داوا دەکەن ڕێگاکە ببەسترێتەوە بەهێڵی شەمەندەفەری کەنداوەوە. ئەگەر هەنگاوێکی وەها بنرێت ئەوا مانای وەهایە هەموو پرۆژەی بەندەری فاو لاوەکیو کەم سوود دەبێت. لەهەمانکاتدا ئێرانییەکان دەیانەوێت شەلەمچە بەبەسرەوە ببەستنەوە.

ئایا ئەم پرۆژەیە بۆ کورد چی دەگەیەنێت؟

یەکەم، هاتنی پرۆژەکە ئەگەر مەبەست لێی سەقامگیریی بێت، ئەوا دەبێت کوردیش لێی سوودمەندبێت، چونکە هەرچەندە بەهەولێردا تێناپەڕێت، بەڵام لێیەوە دوور نابێت. تەنها سلێمانی لەم پرۆژەیە بە دوور دەبێت.

بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکرێت کە تورکیا هەندێک پرسی ئاسایشی دەبەستێتەوە بەم پرۆژەیەوە بەتایبەتی پرسی کامپی مەخمورو شەنگال، کە ڕێگاکە بەنزیکیاندا تێدەپەڕێت.

ئەوەی لەکۆنفرانسەکەدا بینیمان زیاتر نمایشکردنی ئایدیایەک بوو، هەموو بەشداربوان لەهەڵسەنگاندنی ئەوەدان کە چۆن لێی سوودمەندبن. ئایا پرۆژەکە دەتوانێت هەموان سوودمەند بکات؟

**بۆ تورکیا هەنگاوێکی جیوپۆلەتیکی گرنگە بۆ گەیشتن بەقوڵایی عەرەبی، ئەم فاکتە جیوپۆلەتیکیە هەمیشە پاڵنەرێکی تورکیا بوو بۆ ڕێگریکردن لەبەهێزبونی هەرێمو دروستبونی ڕۆژئاڤا، چونکە بونی هەرێمو ڕۆژئاڤا پێکەوە دابڕانێک لەنێوان تورکیاو قوڵایی عەرەبیدا دروست دەکات**



خاوەنی ئیمتیاز
ژووری بازرگانیو پیشەسازی سلێمانی

سەرنوسەر
ئاراس عەبدولکەریم مەعروف

جێگری سەرنوسەر
دلاوەر عەلی سۆفی

بەڕێوەبەری نووسین
یاسین ڕەحیم فەرەج

سەرپەرشتیاری ڕۆژنامەوانی
سەردار محەمەد

دیزاین
عادل عومەر

# پڕۆژەی "گەشتوکاڵ"
# گوندەکانی کوردستان دەکات بەناوچەی گەشتیاریی

ئا: زریان محمەد

**دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان تازەترین پڕۆژەی بەناوی "گەشت و کاڵ" ڕاگەیاندووە، کە هەوڵدانە بۆ بەگەشتیاری کردنی گوندەکانو ساغکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی گوندنشینان لەهەرێمی کوردستان، سەرەتای پڕۆژەکەش لەشاری هەڵەبجەوە دەستپێدەکات.**


بەڕێوەبەری راگەیاندنو پەیوەندییەکانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم، ئیبراهیم عەبدولموجید بەڕۆژنامەی "بازرگانیو پیشەسازی" ڕاگەیاند "گەشتو کاڵ واتا گەشتو گوزاری کشتوکاڵی جۆرێکە لەگەشتو گوزار لەجیهاندا بونی هەیەو زیاتر بەرەو پێش دەڕوات، گرنگی زۆری پێدەدرێت گەشتیاری زیاتر ڕوی تێدەکات، لەهەرێمی کوردستن خۆشبەختانە لەپاڵ جۆرەکانی دیکەی گەشتیاری گەشتوگوزاری کشتوکاڵی لەهەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە".

راشیگەیاند "ئەمجۆرە دەبێتە هۆی ئەوەی گەشتیار دەچێتە گوندێک لەجیاتی لەهۆتێل بمێنێتەوە لەگوندەکەدا دەمێنێتەوە، کاتێک پشووەکانی لەوێ بەسەر دەبات ئاشنا دەبێت بەو بەروبومانەی کە جوتیاران بەرهەمی دەهێنن ڕۆژانەو بەکاریدەهێنێتو دەیخوات بەیانیان کە جوتیارەکانی گوندەکە ئامادەی دەکەن، یان لەگەڵ جوتیارەکان دەچن بۆ بینینی شێوازی کارەکانیانو خۆشیان کاریان لەگەڵ دەکەنو بەرهەمی جوتیاران دەبینن".

ئاماژەی بەوەش کرد "لەچەند ناوچەیەکی کوردستان جوتیاران خولی تایبەتیان بۆ دەکرێتەوە بۆئەوەی بەرچاویان ڕونبێتو زانیاری وەرگرن لەسەر ئەم جۆری گەشتوگوزارەو چۆن مامەڵە لەگەڵ گەشتیاران بکەن، وادەکرێت کە جوتیاران خانوەکانیان بەجۆرێک ئامادە بکەن کە شیاو بێت بۆ گەشتیار بۆ مانەوە لەڕوی پێداویستیەکانو پاکو خاوێنیو خزمەتگوزاری تەواو بۆ مانەوەیان".


لەبارەی گرنگی ئەو پڕۆژەیەوە بەڕێوەبەری راگەیاندنو پەیوەندییەکانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم، وتی "ساغکردنەوەی بەروبومی جوتیارەکانە لەگوندەکاندا کە لەشوێنێکدا تەواوی ئەو بەروبومانە دادەندرێت کە لەگوندەکەدا بەرهەمدەهێندرێت، پاشان گەشتیار سەردانی شوێنەکە دەکاتو دەیکڕێت ئەمەش لایەنێکی باشی گەشتیارییە بۆ بەبازاڕکردنی بەرهەمی ناوخۆیی".

جەختی لەوەش کردەوە "لەگەڵ ڕێکخراوی جی ئای زێتی ئەڵمانی لەڕوی مادی هاوکاری دەستەی گەشتوگوزار دەکات، بۆئەوەی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار لەهەرێم پێشبخەین، چونکە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم جۆرەی گەشتوگوزار گونجاوەو لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان دەستکراوە بەدیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە بۆ ئەم جۆرەی گەشتوگوزار شیاوە، لەقۆناغی یەکەمدا لەسنوری پارێزگای هەڵەبجەوە دەستپێکراوە".









ریکلام

سلێمانی داهاتووی ژینگەی عێراقە
پرۆژەی نیشتەجێبوونی گراند بوڵیڤارد، لە جوانترین و پاکترین شاری عێراقدایە، پرۆژەیەکە لە دڵی سلێمانیدایە.
گراند بوڵیڤارد بە باشترین شوێن، زۆرترین سەوزایی، بەرزترین کواڵیتی سەردەمیانە بە ناوبانگ دەبێت. فرسەتێك یەکجار ڕوودەدات.
لە گراند بوڵیڤارد نزیکتری لە هەموو شوێنێك.

السليمانية، مستقبل البيئة العراق
يقع مشروع گراند بوڵيڤارد في أجمل و أنظف مدينة في العراق، و يكون في قلب السليمانية. ستشتهر گراند بوڵيڤارد بأفضل موقع، اكثر المساحات الخضراء، أعلى مستويات الجودة في التفاصيل. فرصة العمر و لمرة واحدة.
گراند بوڵيڤارد انت أقرب من أي مكان آخر.

+964 770 727 7070
www.grandblvd.org
@GrandblvdNergis
ناونیشان
چوار ڕیانی سەرچنار
تەنیشت دادگای سلێمانی




گراند بوڵیڤارد
پارکی نێرگز

پەلە بکە و جوانترین بەدەست بێنە
بە قیستی 5 ساڵ

%75 Green Area
٪٧٥ باخ و سەوزایی
Climate Control
سیستەمی ساردی و گەرمی
Thermal Insulation Technology
عەزلی گەرما و سەرما
Sound Insulation
عەزلی دەنگ
Fresh Air Recovery
سیستەمی پاکژکردنەوەی هەوا
Water Filtration
فیلتەرکردنی ئاو
Central LPG System
سیستەمی غازی مەرکەزی